handicap international

humanity & inclusion

ڕاپۆرتی ساڵی 2024

# بابەتی بوژانەوەیی جەستەیی- ئەو ئاگادارییانەی پێشکەشکراون لە لایەن خەڵکی ناوچەی زیانلێکەوتوو بە هۆی مل ملانێی جەنگی



# میتۆدۆلۆژیا و دانپێدانان

ئەم ڕاپۆرتە داکۆکیکاریە لەلایەن ڕێکخراوی Humanity & Inclusion (HI) بڵاوکراوەتەوە بە پاڵپشتی دارایی وەزارەتی دەرەوەی نەرویج.

شەش کەس کە لەلایەن ستافی ڕێکخراوی Humanity & Inclusion و هاوبەشە ناوخۆییەکانی لە کۆلۆمبیا، (کۆماری دیموکراتی گەل) لاوس و وڵاتی عێراقەوە دەستنیشانکراون، ڕێککەوتن لەسەر هاوبەشی کردن و باسکردنی ئەزموونی ژیانیان. چەند چاوپێکەوتنێکی نیمچە ڕێکخراو لەلایەن ستافی ڕێکخراوی Humanity & Inclusion ئەنجامدراون. ئەم ڕاپۆرتە کورتکراوەیەکی پوخت لە چاوپێکەوتنەکان دەخاتەڕوو و پێداچوونەوەیەك ئەنجامدرا کە تیایدا سەرنجی لەسەر هەڵبژاردنی سەرچاوەی باوەڕپێکراو بوو بۆ دەستنیشانکردنی داتا و ڕاستیە پاڵپشتکراوەکان.

چەندین ستافی ڕیکخراوی HI بەشدارییان لە داڕشتنی ئەم ڕاپۆرتەدا کردووە، بە تایبەتی ئەندامانی لیژنەی سەرنوسەر (بە زنجیرەی ئەلف و بێ):

(Alexandra Letcher, Aurélie Beaujolais, Blandine Bouniol, Cécile Rolland, Claire Perrin-Houdon, Gabriel Mora, Gilles Lordet, Johana Huertas, Mara Bernasconi, Marion Guillamont, Natalia Briceño Hernández, Patrick Lefolcalvez, Pushpak Newar, Sora Radi, Valentina Pomatto and Violette van Bever).

ڕێکخراوی Humanity & Inclusion پشتی بە پشتگیری فۆتۆگرافەر/ڤیدیۆ مەیکەری پیشەگەر خوان مانوێل ڤارگاس ڕامیرێز (لە کۆلۆمبیا) و کا شیۆنگ و تیم (لە (کۆماری دیموکراتی گەل) لاوس بەستبوو.

ڕێکخراوی HI مەبەستیەتی لە دڵەوە سوپاسی ئەو شەش کەسە بکات کە لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەیان پێکراوە بۆ کراوەیی و بەخشندەیی و قسە ئیلهامبەخشەکانیان.

ڕێکخراوی HI سوپاسی هەموو بەشداربووان دەکات کە نەک تەنها دان بە کوالیتی زانیارییەکانیاندا دەنێن، بەڵکو ڕۆحی تیمی بنیاتنەریان و پابەندبوونیان بە پێشخستنی چاکسازی لە چوارچێوەی یارمەتیدانی قوربانییەکاندا بەرز دەنرخێنێت.

# لەبارەی ئەم بڵاوکراوەیە

شەش کەس ئەزموونی ژیانیان سەبارەت بە دەستڕاگەیشتن بە چاکسازی و تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر لە ناوچە زیانلێکەوتووە ململانێ لەسەرەکان لە کۆلۆمبیا، عێراق و (کۆماری دیموکراتی گەل) لاوس باس کرد، کە پێکهاتبوون لە پیاوان و ئافرەتان لە تەمەن و پرۆفایلی جیاواز: قوربانیانی چەك و تەقەمەنی، ئاوارەکانی ناوخۆ، خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و چاودێران.

چیرۆکە هەمەچەشن و ناوازەکانیان لە یەک بانگەوازدا کۆدەبنەوە: کاتی ئەوە هاتووە هەوڵەکان گەورەتر بکەین و دڵنیا بین لەوەی کە چاکسازی کوالیتی و تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر بۆ هەموو ئەوانەی پێویستیان پێیەتی دابین بکرێن، وەک بابەتەکانی ماف و گشتگیری و کەرامەت.

ئەم بانگەوازە لە ڕێگەی کۆمەڵێک پێشنیارەوە دەخرێتەڕوو کە ئاراستەی دەسەڵاتە گشتیەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لایەنە بەرپرس و لایەنە مرۆییەکان و گەشەپێدانەکان دەکریت.

هەر چیرۆکێک کۆمەڵێک ڕاستی و زانیاری لە خۆدەگرێت کە پشتگیری لە لێدوانە سەرەکییەکان دەکەن و ئامانجیان بەستنەوەی ئەزموونە تاکەکەسییەکانە بەو فاکتەرە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییانەی کە "وێنەی گەورەتر" پێناسە دەکەن.

# چەند زاراوەیێکی بەسوود

**چاکسازی**: بریتیە لەکۆمەڵێک دەستتێوەردان بۆ باشکردنی ئەدای جەستەیی، کۆمەڵایەتی و دەروونی تاکەکان کە لە پرۆسەی کارلێککردن لەگەڵ ژینگەکەیاندا دارێژراون. چاکسازی پرۆسەیەکە کە لە چوارچێوەی کەسەکە و کۆمەڵێک رێوشوێنی چارەسەری بەرفراوان لەخۆدەگرێت، لەوانەش: دابینکردنی تەکنەلۆژیا و ئامێری یارمەتیدەر، لەگەڵ وەرزشکردن، ڕاهێنان، پەروەردە، پشتگیری و ڕاوێژکاری و گونجاندنی ژینگە بۆ لابردنی بەربەستەکان.

**تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر (AT):** زاراوەیەکی گشتگیرە کە سیستەم و خزمەتگوزارییەکانی پەیوەست بە گەیاندنی بەرهەم و خزمەتگوزارییە یارمەتیدەرەکان دەگرێتەوە. بەرهەمە یارمەتیدەرەکان (بۆ نموونە، کورسی جووڵاو، گۆپاڵ، پەلی دەستکرد، ئامێری بیستن و خوێنەری شاشە) کە پارێزگاری لە ئەدا و سەربەخۆیی تاکەکەسی دەکەن و باشتریان دەکەن، بەمەش ئاستی ئاسوودەیی تاکەکەسەکان بەرەوپێش دەچێت.

**چەك و تەقەمەنی**: ئەو چەکانەی کە بەهۆی تەقینەوەی مادەیەکی تەقێنەر چالاک دەبن و دەبنە هۆی تەقینەوە و دروست بوونی پارچەی بچووك. هەندێک جۆری چەکی تەقەمەنی –بریتین لە بۆمبی فرۆکە، تۆپ، موشەک و نارنجۆک، هەروەها ئامێری بۆمبی چێندراو – کە کاریگەری لەسەر ناوچەیێکی فراوان هەیە و زیانێکی بەرفراوان دەگەیێنن کاتێک لە ناوچە نیشتەجێییەکاندا بەکاردەهێنرێن.

**مین و تەقەمەنی**: ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ وەڵامی کردارەکانی مین بۆ ئەم تەقەمەنیانەی خوارەوە: مین، بۆمبی هێشووی، تەقەمەنی نەتەقیو، تەقەمەنی جێهێڵراو، تەڵەی تەقەمەنی و ئامێری بۆمبی چێندراو.

**پاشماوەی جەنگ**: تەقەمەنی نەتەقیو و تەقەمەنی جێهێڵراو.

**قوربانیانی (چەك و تەقەمەنی)**: ئەو کەسانەی کە بە تاک یان بەکۆمەڵ کوژراون یان تووشی برینداربوونی جەستەیی، هەستی و/یان دەروونی بوون لە گەڵ لەدەستدانی باری ئابووری، پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی یان تێکچوونی بەرچاو لە بەدیهێنانی مافە بنەڕەتییەکانیان لە ڕێگەی کردەوە یان بە بەکارهێنانی تەقەمەنی و/یان چەکەوە کە کاریگەری بەرفراوان لە ناوچە جێنشینەکاندا دەبێت[1]. قوربانییەکان بریتین لە کەسانی بریندار و کوژراو (قوربانی ڕاستەوخۆ)، ئەندامانی خێزانی ئەو کەسانەی بریندار و کوژراون، هەروەها ئەو کەس و کۆمەڵگایانەی کە لەو ناوچانەدا دەژین کە بەهۆی چەك و تەقەمەنیەوە زیانیان بەرکەوتووە، (قوربانی ناڕاستەوخۆ) "قوربانی" وەک زاراوەی یاسایی و سەرەکی لە کۆڕەکانی داماڵینی چەکدا دەمێنێتەوە، سەرەڕای ئەوەی هەندێک کەس (بەتایبەت لە کۆمەڵگەی کەمئەندامان)دا ئیدیعا دەکەن کە ئەم وشەیە بێدەسەڵاتە و کەمتر دانپێدانراوە.

**یارمەتیدانی قوربانی (VA)**: بریتیە لە کۆمەڵە چالاکییەک کە باس لە پێداویستی و مافەکانی ئەو کەسانە دەکەن کە قوربانی چەك و تەقەمەنین. پێکدێت لە کۆکردنەوەی زانیاری، چاودێری پزیشکی فریاگوزاری و بەردەوام، چاکسازی جەستەیی و کارایی، پشتگیری دەروونی کۆمەڵایەتی و دەروونی، گشتگیری کۆمەڵایەتی-ئابووری، یاسایی و سیاسەتەکانی، بەڵام هەوڵەکان یان بەرنامەکانی یارمەتیدانی قوربانییەکان نابێت جیاکاری بکەن لە دژی ئەو کەسانەی کە لە ڕێگەی هۆکاری دیکەوە زیانیان پێگەیشتووە لە گەڵ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان یان کەسانی دیکەی هاوشێوە.

# خشتەی ناوەڕۆک

میتۆدۆلۆژیا و دانپێدانان ........................................ 1
دەربارەی ئەم بڵاوکراوەیە ........................................ 1
چەند زارەوەیەکی بەسوود ........................................ 2
ڕێکخستنی دیمەنەکە ........................................ 4
کۆلۆمبیا ........................................ 6
عێراق ........................................ 6
(کۆماری دیموکراتی گەل) لاوس ........................................ 7
کارەکانی ڕێکخراوی Humanity & Inclusion لەسەر چاکسازی و یارمەتیدانی قوربانییەکان ........................................ 8
چوارچێوە سەرەکییە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە چاکسازی و یارمەتیدانی قوربانییەکان ........................................ 8
چیرۆکی ئاندرێس – تێپەڕاندن (کۆلۆمبیا) ........................................ 11
چیرۆکی گلۆریای – "گرنگی بە خۆت بدە تا بتوانیت گرنی بە کەسانی تر بدەیت" (کۆلۆمبیا) ........................................ 13
چیرۆکی حمود - سەربازێکی پێشوو کە خەبات دەکات بۆ دۆزینەوەی هیوا (عێراق) ........................................ 16
چیرۆکی شەها - ژیانێکی گەنج کە بۆ هەمیشە کاریگەری تەقینەوەیەکی لەسەرە (عێراق) ........................................ 18
چیرۆکی بەڕێز دی - ڕزگاربوویێکی ڕووداوی هاتوچۆ و میکانیکێکی سەرکەوتوو ........................................ 19
چیرۆکی بەڕێز نگۆک – "هەموو ڕزگاربووان دەبێ دەستیان بە خزمەتگوزارییەکانی چاکسازی بگات" (کۆماری دیموکراتی گەل) لاوس ........................................
چیرۆکی خاتوو شوا شیۆنگ – "هەتاوەکو ئێستاش هەست بە جیاوازی دەکەم" (کۆماری دیموکراتی گەل) لاوس ........................................ 24
دەرەنجام و پێشنیارەکان ........................................ 27

# ڕێکخستنی دیمەنەکە

لە ئاستی جیهانیدا، لە هەر سێ کەس یەکێکیان بە بارودۆخی تەندروستی دەژین کە ڕەنگە سوود لە چاکسازی وەربگرن.[1] ئەم ژمارەیە لە ساڵی ١٩٩٠ تا ٢٠١٩ بە ڕێژەی ٦٣% زیادی کردووە، [2] وە لە ساڵانی داهاتوودا بەردەوام دەبێت لە زیادبوون بەهۆی بەتەمنبوونی دانیشتووان و پەرەسەندنی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە درێژخایەن و نەگوازراوەکان، بریندابوون و زەبر و شۆکی دەروونی و بەپێی بارودۆخی تاک، دەستتێوەردانەکانی چاکسازی ڕەنگە پێویست بێت کە لەگەڵ دابینکردنی تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر تێکەڵ بکرێت.

**لە کاتێکدا کە پێداویستییەکانی چاکسازی و تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر زۆرن، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر بە دابیننەکراوی ماونەتەوە، بە تایبەت لە وڵاتانی کەم داهات و مامناوەند و ناوچە زیانلێکەوتووە ململانێ لەسەرەکان.** زیاتر لە 50%ی ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە خزمەتگوزارییەکانی چاکسازییە ناتوانن دەستیان پێ بگات،[3] وە لە هەندێک وڵاتدا دەستڕاگەیشتن بە تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر دەگاتە 3%.[4]

**بەردەستبوون، گونجاوی نرخ، دەستڕاگەیشتن و کوالیتی خزمەتگوزارییەکانی چاکسازی و تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر لە ناوچە زیانلێکەوتووە ململانێ لەسەرەکان زیاتر لە مەترسیدان.** ئاستەنگە سەرەکییەکانی بەردەم ئەو کەسانەی کە بەدوای چاکسازی و تەکنەلۆژیای یارمەتیدەردا دەگەڕێن لە کاتی ململانێکان و دوای ململانێکان، بریتین لە زیادبوونی لاوازی سیستەمی تەندروستی و خزمەتگوزارییەکان کە بە شێوەیەکی بەرچاو پەککەوتوون (لەوانەش پچڕانی کارەبا و ئاو)، تێکچوونی ژێرخانی ئابووری، کەمی پسپۆڕان و ئامێری تەندروستی و چاکسازی و نەبوونی ئەمنیەت بەشێوەی بەرفراوان. وە لەسەر ئاستی تاککەسی بەربەستەکانی تر لەوانەیە بریتین لە ئاوارەبوون، حاڵەتی دوورخستنەوە و چەوساشەکاری (لەوانەش ئەوانەی کە بەهۆی جیابوونەوە لە چاودێرانەوە ڕوودەدەن)، لەدەستدانی داهات، نەبوونی زانیاری لەسەر خزمەتگوزارییە بەردەستەکان و دووری لە خزمەتگوزارییەکانی چاکسازی، بەڵام ئاگادارین لەوەی کە ململانێکان دەبنە هۆی **زیادبوونی برینداربوون یان نەخۆشییە سەختەکان، بەمەش پێداویستییەکانی چاکسازی زیاد دەکەن.**[5]

چەك و تەقەمەنی بە هەموو جۆرەکانیەوە وەک هەڕەشەیەکی بەرچاو ماونەتەوە و نەک تەنها لە کاتی هێرشەکاندا بەڵکو بۆ چەندین ساڵ دوای بەکارهێنانیان بەردەوام دەبن لە زیانگەیاندن بە بێ جیاوازی. لە ساڵی ٢٠٢٢دا لانیکەم 4710 قوربانیی مین و پاشماوەی تەقینەوەکانی شەڕ تۆمارکراون و لە ئەنجامدا ٣٠١٥ کەس برینداربوون. هاوڵاتیانی مەدەنی 85%ی هەموو قوربانییە تۆمارکراوەکانیان پێکهێناوە و منداڵان لانیکەم نیوەی ئەو قوربانیانەیان پێکهێناوە.[6] لە هەمان ساڵدا چەك و تەقەمەنی هۆکار بووە لە بریندار بوونی 31273 کەس و لەنێویاندا 17038 کەس پێویستییان بە هاوکاری درێژخایەن هەیە.[7]

نزیکەی ٦٦%ی ئەو قوربانیانە خەڵکی مەدەنی بوون. ئەم ڕێژەیە بۆ ٩٠% بەرز دەبێتەوە کاتێک ئەم چەکانە لە ناوچە جێنشینەکاندا بەکاردەهێنرێن. **بۆ ئەو کەسانەی ڕزگاربوون، سەلمێنراوە کە چاکسازی و تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر هاوکارە لە کەمکردنەوەی ئاڵۆزییە تەندروستییەکان و زیاتر کردنی سەربەخۆیی و بەشداریکردنیان لە کۆمەڵگا و بەرهەمهێنانی ئابووریدا.** چاکسازی و تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر زۆرترین کاریگەرییان دەبێت کاتێک دەستڕاگەیشتن لە کاتی خۆیدا و بە زووترین کات و بە تێپەڕبوونی کات بە پشتیوانی بەردەوام و بەدواداچوونی دروست بەپێی پێداویستییەکانی تاک مسۆگەر بکرێن.

[1]ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و پەیمانگای پێوانە و هەڵسەنگاندنی تەندروستی، "خەمڵاندنی جیهانی بۆ پێداویستی چاکسازی لەسەر بنەمای توێژینەوەی بارگرانی جیهانی بۆ نەخۆشی 2019"، 2020.

[2]ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و پەیمانگای پێوانە و هەڵسەنگاندنی تەندروستی، "خەمڵاندنی جیهانی بۆ پێداویستی چاکسازی لەسەر بنەمای توێژینەوەی بارگرانی جیهانی بۆ نەخۆشی 2019"، 2020.

[3]UNDESA ، ’ڕاپۆرتی سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کەمئەندامی و گەشەپێدان‘، 2018.

[4] ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و یونیسێف، "ڕاپۆرتی جیهانی لەسەر تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر"، 2022.

[5] ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، "بەهێزکردنی چاکسازی لە حاڵەتە فریاگوزارییەکان"، وەرگیراوە لە:
https://www.who.int/activities/strengthening-rehabilitation-in-emergencies

[6] هەڵمەتی نێودەوڵەتی بۆ قەدەغەکردنی مین، "چاودێری مین ٢٠٢٣"، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

[7]AOAV - کارکردن لەسەر توندوتیژی چەکداری، ”چاودێری توندوتیژی تەقینەوە 2022“، 2023.

**بەکارهێنانی چەکی تەقینەوە و دواتر پیسبوونی درێژخایەن بەهۆی تەقەمەنیەوە دەبێتە هۆی بوونی کاریگەری پێچەوانە کە کاریگەری نەک تەنها لەسەر تاکەکانە، بەڵکو لەسەر خێزانەکانیان و کۆمەڵگاکانیان و کۆمەڵگاش بەگشتی دەبێت،** هەر لەبەر ئەمەشە نەک هەر ئەو کەسانەی کە کوژراون یان بریندار دەبن بە قوربانی هەژمار دەکرێن، بەڵکو ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگاکەیان کە لەو ناوچانەدا دەژین کاریگەری چەك و تەقەمەنیان لەسەرە، کە یان بە تاک یان بەکۆمەڵ تووشی برینداری جەستەیی، هەستی یان دەروونی و ئابووری بوون بە لەدەستدان یان تێکچوونی بەرچاوی مافە بنەڕەتییەکانیان. بۆ نموونە، ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە ناوچە پیسبووەکان بە تەقەمەنیدا دەژین، هەندێکجار بۆ دەیان ساڵ بەرکەوتەی ئەم مەترسییە دەبن و زۆرجار گرفتیان بۆ دروست دەکات بۆ دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە گرنگەکانی وەک نەخۆشخانەکان.

قوربانییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان و بەکارهێنەرانی چاکسازی بە کۆمەڵ یەکسان نین. چەندین تایبەتمەندی تاکەکەسی و هۆکاری ژینگەیی یان کۆمەڵایەتی یەکتر دەبڕن بۆ داڕشتنی ئەزموونی خەڵک و دەستڕاگەیشتن و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە و خزمەتگوزارییەکان و هەروەها توانای وەڵامدانەوەی بەربەستە جیاوازەکان. پێویستە لە کاتی پێناسەکردنی گونجاوترین وەڵامەکاندا ڕەگەز، تەمەن، کەمئەندامی، دۆخی ئابووری-کۆمەڵایەتی و کۆچبەری (لە نێوان هۆکارەکانی تردا) لەبەرچاو بگیرێن.




کاپشن: شەها بەشداری لە دانیشتنێکی چاکسازی لەگەڵ پزیشکی چارەسەری سروشتی HI (عێراق) دەکات. © T. Nićholson / HII

**بەهێزکردنی خزمەتگوزارییەکانی چاکسازی لە هەموو چوارچێوەیەکدا زۆر گرنگن، تەنانەت زیاتریش لەوانەی کە ململانێیان لەسەرە** بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی چاکسازی هەردوو ئەو کەسانەی کە پێشتر بارودۆخیان هەبووە و ئەوانەی سنووورداری کاراییان هەیە، لەوانەش قوربانیانی چەك و تەقەمەنی. چاکسازی پێشوەختە ڕێگری لە ئاڵۆزییەکان دەکات یان کەمیان دەکاتەوە و دەرچوون لە نەخۆشخانە خێراتر دەکات و چاکبوونەوەی درێژخایەن بەرەوپێش دەبات و ژیانی سەربەخۆ ئاسان دەکات. هەر لەبەر ئەمەشە بڕیارنامەی ئەنجومەنی تەندروستی جیهانی، "بەهێزکردنی چاکسازی لە سیستەمی تەندروستیدا"، کە لە مانگی ئایاری 2023 پەسەندکراوە، داوا لە وڵاتانی ئەندام دەکات کە دڵنیابن لە تێکەڵکردنی چاکسازی لە کاتی خۆیدا لە ئامادەکاری و وەڵامدانەوەی فریاگوزاریدا، لەنێویاندا لە تیمە پزیشکییە فریاگوزاریەکاندا.

لە ناوچە زیانلێکەوتووە ململانێ لەسەرەکاندا، پێویستییەکانی چاکسازی نەک تەنها دەبێت لە کاتی ململانێکاندا تەرخان بکرێن، بەڵکو دوای کۆتایی هاتنی ململانێکانیش دەبێت تەرخان بکرێن، چونکە تەقەمەنی نەتەقیو و پاشماوەی شەڕ بەردەوامە و زیانی گیانی لێدەکەوێتەوە، بۆیە دیدێکی درێژخایەن پێویستە، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە – بەپێی بارودۆخی تاکەکەسی – دەستێوەردانەکانی چاکسازی ڕەنگە پێویستیان بە بەدواداچوونی بەردەوام هەبێت.

**چاکسازی پێکهاتەیەکی گرنگی 'یارمەتی قوربانی'یە،** پێکەوە لەگەڵ کۆکردنەوەی زانیاری، یاسا و سیاسەتەکان و چاودێری پزیشکی فریاگوزاری و بەردەوام، پشتگیری دەروونی کۆمەڵایەتی و گشتگیری کۆمەڵایەتی-ئابووری. لە کاتێکدا چەمکی یارمەتیدانی قوربانییەکان لە پەیماننامەکانی داماڵینی چەکدا سەرچاوەی گرتووە، کارکردن لەسەر یارمەتیدانی قوربانییەکان تەنیا لەم چوارچێوەیەدا بەس نییە. یەکخستنی هاوکاری قوربانییەکان لە چوارچێوەی گەشەپێدانی مرۆیی و مافەکانی مرۆڤ (بە پەیوەندییەکی بەهێز بە ڕێککەوتننامەی مافەکانی کەمئەندامان - *CRPD*) شتێکی سەرەکییە ئەگەر بتوانرێت مافەکانی هەموو قوربانییەکان بە شێوەیەکی بەردەوام بپارێزرێن.

**چوارچێوە سیاسەتییەکانی ئێستا دەبێ ئاراستەی هەوڵە بەردەوام و بەهێزەکان بکەن و بەرپرسیارێتییەکان دیاری بکرێن** بەڵام هێشتا ئەم بەڵێنانە بە تەواوی وەرنەگێڕدراون بۆ کردار. زۆر کەس هەڵگری دەرئەنجامە جەستەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی ململانێکانن؛ زۆرێکیان لە خەباتدان بۆ دەستڕاگەیشتن بەو خزمەتگوزارییانەی کە پێویستیانە، لەوانەش چاکسازی و بەدەستهێنانی تواناکانیان و بەشداریکردن لە کۆمەڵگا و ژیانێکی تەواودا.

## کۆلۆمبیا

بۆ چەندین دەیە، کۆلۆمبیا کاریگەری ململانێیەکی درێژخایەنی نێوان حکومەتی نیشتمانی و گروپە یاخیبووەکانی هێزی چەکداری شۆڕشگێڕی کۆلۆمبیا (FARC) و سوپای ڕزگاری نیشتمانی (ELN) و چەندین ڕێکخراوی تاوانکاری لەسەر بووە. لە ساڵی ٢٠١٦، دوای زیاتر لە ٥٠ ساڵ لە ململانێ، حکومەتی کۆلۆمبیا ڕێککەوتنێکی ئاشتی لەگەڵ گەورەترین گروپی گەریلا لە وڵاتەکەدا FARC واژوو کرد بەڵام چەندین گروپی چەکداری دیکە لە سەرانسەری وڵاتدا چالاکن و ئەمەش بووەتە هۆی تێکچوونی بارودۆخی ئەمنی لە دوورترین ناوچەکانی وولاتەکەدا و گروپە چەکدارە نادەوڵەتییەکان لە ساڵی ٢٠٢٢دا هێشتا مینی دژە مرۆییان لە وڵاتەکەدا بەکاردەهێنا.[8]

سەرەڕای پێشکەوتنی بەرچاو لە چاکسازی لە یاسا و سیاسەتە جۆراوجۆرەکاندا، بەڵام هێشتا کەلێنێکی زۆر لە ڕووی دەستڕاگەیشتن بە بیمەی تەندروستی، چاودێری تەندروستی، خزمەتگوزارییەکانی چاکسازی جەستەیی و هاوکاری مرۆیی هەیە، هەروەها پلانی قەرەبووکردنەوەی حکومەت بەهۆی ماوەی چاوەڕوانی درێژخایەن و ئاڵۆزییەوە بۆ زۆر کەس بەردەست نییە. بڕینی بودجەی چالاکییەکانی هاوکاریکردنی قوربانییەکان لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە دۆخی ئەو کەسانە خراپتر دەکات کە بەدەست لێکەوتەکانی ململانێکانەوە دەناڵێنن. ڕێژەی سەدی دانیشتوانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە تەواوی ڕاپرسی و سەرژمێرییەکاندا جیاوازە. بەپێی ڕاپرسییەکانی چۆنیەتی ژیان کە لە ساڵانی ٢٠١٨ و ٢٠١٩ ئەنجامدراون، ٧.٧%ی دانیشتوانی کۆلۆمبیا کەمئەندامیان هەبووە کە دەشێت ئەمە بە کەم سەیرکردن بێت، چونکە ڕێژەی کەمئەندامی لە سەرانسەری جیهاندا ١٦%یە.[9]

## عێراق

[8] چاودێری مین ٢٠٢٣، تشرینی دووەمی ٢٠٢٢.

[9] ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، "ڕاپۆرتی جیهانی لەسەر یەکسانی تەندروستی بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان"، 2022.

عێراق لەنێو ئەو وڵاتانەدایە کە بەشێوەیەکی ترسناك مینی دژە تاکەکان تێیدا بڵاوە کە بریتیە لە (زیاتر لە 100کم2).[10] جۆری پیسبوونەکە زۆر هەمەچەشنە، لەوانە، مینە بەجێماوەکانی ململانێی ئێران و عێراق لە ساڵانی هەشتاکان، شەڕی یەکەم و دووەمی کەنداو لە ساڵانی ١٩٩١ و ٢٠٠٣، هەروەها لە ململانێی ٢٠١٤-٢٠١٧ی نێوان دەوڵەتی ئیسلامی ژە عێراق و سوریا ( داعش) و هێزەکانی لایەنگری حکومەت. ئەم دوایین جۆری پیسبوونە بریتییە لە بۆمبی چێندراو کە لە ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی داعشدا بەجێماوە، هەروەها نارنجۆک و موشەک و گولە هاوەنەکانی نەتەقیو لە نزیک هێڵی پێشەوەی ئەو ناوچانەی لەدەست داگیرکاریی داعشدا وەرگیراونەوە، بەهۆی ئەو هەڕەشانەوە ئەو ناوچانە شایەنی شوێنی نیشتەجێبوون نین و مەترسی تەقینەوەیان بەربەستێکی گەورەیە لەبەردەم هەوڵەکانی یارمەتی مرۆیی و بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر شوێن و حاڵی خۆیان.

بەپێی خەمڵاندنەکان نزیکەی 12%ی دانیشتوانی عێراق تووشی جۆرێک لە کەمئەندامی دەبن و ئەم ڕێژەیە لە نێو منداڵاندا بۆ 18% بەرز دەبێتەوە.[11]

ئەوانەی لە ململانێی ئەم دواییەدا بریندار بوون، دەستڕاگەیشتنیان بە خزمەتگوزارییە تەندروستییە سەرەتایی و تایبەتمەندەکان سنووردارە، لەوانەش چاکسازی و ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ دەکەن تا ئەو تەکنەلۆژیای یارمەتیدەرە دەگاتە دەستیان. ئەو کەسانەی کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە ڕووبەڕووی خەرجییەکی زۆر دەبنەوە بۆ چاودێری تەندروستی.

## (کۆماری دیموکراتی گەل) لاوس

(کۆماری دیموکراتی گەل) لاوس بەرزترین ئاستی پیسبوونی هەیە لە جیهاندا بەهۆی تەقەمەنی لاوەکی نەتەقیو چونکە سوپای ئەمریکا زیاتر لە 2 ملیۆن تۆن بۆمب و زیاتر لە 270 ملیۆن تەقەمەنی بەکارهێناوە لە نێوان ساڵانی 1964 و 1973. بەهۆی ئەم چەکانەوە لە سەرەتای دەستپێکردنی جەنگەوە لە ساڵی ١٩٦٤ەوە تا ئێستا زیاتر لە ٥٠ هەزار کەس گیانیان لەدەستداوە یان برینداربوون.[12] بەپێی خەمڵاندنەکان نزیکەی ٨٠ ملیۆن تەقەمەنی نەتەقینەوە لە خاکی لاوسدا بوونی هەیە.[13]

ژمارەی ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە چاکسازییە، بە شێوەیەکی بەرچاو بەهۆی نەخۆشییە ناگوازراوەکان، ڕووداوی هاتوچۆی ڕێگاوبان، تەمەن، هەروەها برینداربوون لە ئەنجامی تەقەمەنی نەتەقیوەوەیە. چاکسازی بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی خزمەتگوزارییەکانی نەخۆشخانەی گشتی و ناوەندەکانی چاکسازییەوە پێشکەش دەکرێت کە هێزی کاریان زۆربەیان چارەسەرکەری فیزیایی پێکدێت. ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناحکومییەکان پشتگیرییەکی بەرچاو لە پەرەپێدانی هێزی کار، دابینکردنی تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر و دایەلۆگی سیاسی پێشکەش دەکەن.[14]

بەپێی ڕاپۆرتی کۆدەنگی دانیشتووان و نیشتەجێبوونی (کۆماری دیموکراتی گەل) لاوس لە ساڵی ٢٠١٦، نزیکەی ٢.٨%ی دانیشتوانی سەرووی پێنج ساڵان کەمئەندامییان هەیە، لە کاتێکدا ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بڵاوبوونەوەی کەمئەندامی لە لاو (کۆماری دیموکراتی گەل) بە ٢٣%ی دانیشتووان دەخەمڵێنێت (WHO، ٢٠١٩).

[10] هەڵمەتی نێودەوڵەتی بۆ قەدەغەکردنی مین، "چاودێری مین ٢٠٢٣"، تشرینی دووەمی ٢٠٢٣.

[11] تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان عێراق، "بەیاننامەی ڕێکخەری نیشتەجێی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆژی جیهانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان"، ٢٠٢٣.

[12] چاودێری مین و تەقەمەنی کۆکراوە، ڕاپۆرتی کاریگەری، لاو (کۆماری دیموکراتی گەل)، دواجار نوێکراوەتەوە لە ئەیلوولی ٢٠٢٣) بە پشتبەستن بە داشبۆردەکەی /NRA سیستەمی زانیاری قوربانی لاو.

[13] هاندیکاپ ئینتەرناشناڵ، وەزارەتی کار و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لائۆس، و بەرنامەی نیشتمانی تەقەمەنی نەتەقیو، "ژیان لەگەڵ UXO: ڕاپۆرتی کۆتایی، ڕاپرسی نیشتمانی لەسەر کاریگەرییە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکانی UXO لە (کۆماری دیموکراتی گەل) لاوس"، 1997.

[14] وەزارەتی تەندروستی (کۆماری دیموکراتی گەل)لاوس بە پشتیوانی ئاژانسی ئەمریکا بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، "هەڵسەنگاندنی سیستماتیکی دۆخی چاکسازی لە (کۆماری دیموکراتی گەل) لاوس"، 2018.

## کارەکانی ڕێکخراوی Humanity & Inclusion لەسەر چاکسازی و یارمەتیدانی قوربانییەکان

ڕێکخراوی (HI) ڕێکخراوێکی سەربەخۆ و خێرخوزییە بۆ یارمەتیدان کە لە نزیکەی ٦٠ وڵاتدا کاردەکات. لە ساڵی ١٩٨٢ەوە ڕێکخراوەکە شانبەشانی دانیشتوانی پێویست بە هاوکاری کاردەکات بەتایبەتی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.

وەک کەرتێکی خزمەتگوزاری درێژخایەن بۆ ڕێکخراوی HI، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا 85 پرۆژەی چاکسازی لە 41 وڵاتدا جێگیرکراون و لە فریاگوزاریەوە دەست پێدەکات تا قەیرانی درێژخایەن و شوێنی گەشەپێدان و دڵنیابوون لە بەردەوامی دەستتێوەردانەکان.

ڕێکخراوی (HI) پرۆژەی کەمکردنەوەی توندوتیژی چەکداری لە 33 وڵاتدا جێبەجێ دەکات، جا ئەو وڵاتانە بە تەقەمەنی پیس بووبن یان وڵاتانێک بن کە میوانداری ئەو دانیشتووانانە دەکەن کە لە وڵاتانی پیسکراو هەڵاتوون، شارەزایی تەکنیکی ناوازەی خۆی لە چوار لە پێنج پایەی چالاکیی مرۆیی میندا دابین دەکات: پاککردنەوەی مین، هۆشیاری بە مەترسییەکانی مین، یارمەتیدانی قوربانییەکان و داکۆکیکردن.

ڕێکخراوی (HI) لە ئاستی نیشتمانی، ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا داکۆکی کردووە بۆ فشارخستنە سەر گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی پێویست بۆ هەردوو بواری چاکسازی و یارمەتیدانی قوربانییەکان. بانگەوازی ڕێکخراوی HI ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە پەسەندکردنی پەیماننامەی قەدەغەکردنی مین (1997)، ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی تەقەمەنی (2008)، بەیاننامەی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی دەرئەنجامە مرۆییەکانی بەکارهێنانی چەک و تەقەمەنی لە ناوچە جێنشینەکان (2022) و یەکەم بڕیارنامەی ئەنجومەنی تەندروستی جیهانی سەبارەت بە چاکسازی (٢٠٢٣).

# چوارچێوە سەرەکییە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە چاکسازی و یارمەتیدانی قوربانییەکان

ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی کەمئەندامان (*CRPD*) کە لەلایەن ١٧٧ وڵاتەوە پەسەندکراوە، خاڵی وەرچەرخانێک بوو بۆ مافەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، لەنێویاندا ڕزگاربووانی چەک و تەقەمەنی. مادەی ٢٦ تایبەتە بە چاکسازی، لە کاتێکدا مادەی ١٩ کە دان بە مافی ژیانی سەربەخۆدا دەنێت، ئاماژەیە بۆ تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر.

پابەندبوونە سیاسییە ئاست بەرزەکان بۆ پێشخستنی چاکسازی و تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر لە بڕیارنامەی 71.8ی کۆمەڵەی تەندروستی جیهانی، "باشترکردنی دەستڕاگەیشتن بە تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر" (2018)، وث لە بڕیارنامەی 76.6، "بەهێزکردنی چاکسازی لە سیستەمی تەندروستیدا" (2023) دانراوە.

چاکسازی وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی لە زنجیرەی تەندروستی گشتگیر لە قەڵەمدراوە (بەیەکەوە لەگەڵ خۆپاراستن، بەرەوپێشبردن، چارەسەرکردن، و چاودێری پالاتیف) بەپێی بەیاننامە سیاسییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠١٩ و ٢٠٢٣ سەبارەت بە داپۆشینی تەندروستی گشتگیر ناسراوە.

پرۆسەی هاوکاری قوربانییەکان لە ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی مین لە ساڵی ١٩٩٧دا پەسەندکرا.  پرۆتۆکۆڵی پێنجەمی ساڵی ٢٠٠٣ سەبارەت بە پاشماوەی تەقینەوەکانی جەنگ لەگەڵ ڕێککەوتننامەی چەکی ئاسایی و ڕێککەوتننامەی ٢٠٠٨ی تایبەت بە تەقەمەنی بەکۆمەڵ زیاتر پەرەپێیدرا، وە بابەتێکی لەخۆگرتبوو کە تیشکی خستە سەر پێداویستییەکانی ڕزگاربووان، خێزانی ئەو کەسانەی کە کوژراون و بریندواربوون و کۆمەڵگا زیانلێکەوتووەکان و لەسەر مافەکانیان بۆ وەرگرتنی هاوکاری.

هەروەها هاوکاری قوربانییەکان لە بەڵێننامەکانی ئۆسلۆ لە ساڵی ٢٠١٠ سەبارەت بە توندوتیژی چەکداری، و بەیاننامەی سیاسی ساڵی ٢٠٢٢ سەبارەت بە بەهێزکردنی پاراستنی هاوڵاتیانی مەدەنی لە دەرئەنجامە مرۆییەکان کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی چەک و تەقەمەنی لە ناوچە جێنشینەکان سەرهەڵدەدەن (*EWIPA*) جێگیر کراوە.

15

جگە لەو ئامرازانەی کە لە سەرەوە باسکراون، ستانداردی نێودەوڵەتی کردەوەی مین سەبارەت بە یارمەتیدانی قوربانییەکان لە کردەوەی مین (*IMAS 13.10*) و ڕێنماییەکانی *IASC* سەبارەت بە بەشداریکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە چالاکییە مرۆییەکان، ڕێنمایی زیاتر سەبارەت بە پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ قوربانییەکان لە چوارچێوەی زیانلێکەوتووەکاندا بەهۆی چەك و تەقەمەنی دەدەن.

لە کاتێکدا کە کارنامەی ٢٠٣٠ هیچ ئاماژەیەکی تایبەت بە چاکسازی و یارمەتیدانی قوربانییەکان لەخۆناگرێت، بەڵام ستراتیژییەکی گرنگن بۆ گەیشتن بە زۆرێک لە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و بەدیهێنانی پابەندبوونی "کەس لە دوای خۆمان نەهێڵن".

| ولاتان | ڕێککەوتننامەی مافی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان | پەیمانی قەدەغەکردنی مین | ڕێکەوتنامەی تەقەمەنی عنقودی | جارنامەی سیاسی چەکی تەقینەوە لە ناوچە جێنشینەکان | کرداری نیشتمانی مین/ ستراتیژی VA | ستراتیژی چاکسازی نیشتمانی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆلۆمبیا | دەوڵەتی ئەندام | دەوڵەتی ئەندام | دەوڵەتی ئەندام | پشتگیری کراوە | بەڵێ | نەخێر |
| لاو (کۆماری دیموکراتی گەل) | دەوڵەتی ئەندام | واژۆنەکراوە | دەوڵەتی ئەندام | پشتگیری کراوە | بەڵێ | بەڵێ |
| عێراق | دەوڵەتی ئەندام | دەوڵەتی ئەندام | دەوڵەتی ئەندام | پشتگیری نەکراوە | بەڵێ | نەخێر |

[15] وەزارەتی تەندروستی (کۆماری دیموکراتی گەل) لاوس بە پشتیوانی ئاژانسی ئەمریکا بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، "هەڵسەنگاندنی سیستماتیکی دۆخی چاکسازی لە کۆماری دیموکراتی گەلی لاو "(Lao PDR)، 2018.



کاپشن: لە سەنتەری نەشتەرگەری ئێشك لە پاستۆ، کۆلۆمبیا، © Bas Bogaerts / H

# چیرۆکی ئاندرێس – تێپەڕاندن (کۆلۆمبیا)



ئاندرێش بە ماتۆڕسکیل لە نێوان گوایاکانا و لۆرێنتێ (لە بەشی نارینۆ) گەشتی دەکرد، کاتێک بۆمبێک لە نزیک ماتۆڕسکیلەکەی تەقیەوە. .لە کاتی ڕووداوەکەدا ئاندرێش تەمەنی ٢٣ ساڵ بوو، ئەمڕۆش تەمەنی ٤١ ساڵە. بە سەختی بریندار بووە و چەندین نەشتەرگەری بۆ کراوە: دوو بڕینی قاچی ڕاستی، نەشتەرگەری سنگی، بڕینی لوولەی هەناسە و بنیاتنانەوەی قۆڵ و تەپڵی گوێ. ئاندرێس بەشداری چارەسەری سروشتی و چارەسەری قسەکردن لە نەخۆشخانەدا کردووە، و ئەو پرۆسەی یەکەم پەلی دەستکردی دەستپێکردووە. بڕینی دووەم لە ڕووی دەروونییەوە زۆر بە توندی لێیدا؛ هەستی بە تووڕەیی و دڵتەنگی و بێهیوایی دەکرد. بەڵام لەو کاتەدا ڕاوێژکاری دەروونی وەرنەگرتووە.

لە ساڵی ٢٠٢٢دا لە کۆلۆمبیا ١٤٥ قوربانی بەهۆی مین و پاشماوەی تەقینەوەکانی جەنگەوە تۆمارکراون. کۆلۆمبیا لەنێو ئەو پێنج وڵاتەدایە کە لە ساڵی ٢٠٢٢دا لە بەکارهێنانی نوێی مینی دژە مرۆیی لەلایەن گروپە چەکدارە نادەوڵەتییەکانەوە. لەڕاستیدا ژمارەی ڕووداوەکانی مین کە دەگەڕێتەوە بۆ گروپە چەکدارە نادەوڵەتییەکان لە ساڵی ٢٠٢١ەوە بە ڕێژەی ٣٠% زیادی کردووە.[16]

سەردێڕ: ئاندرێس لە کۆمەڵەی چاودێری کۆمەڵایەتی لە پاستۆ (کۆلۆمبیا) © خوان مانوێل ڤارگاس/HI

کاتێک لە نەخۆشخانە دەرچوو، ئاندرێش ڕووی لە پاستۆی پایتەختی بەشی نارینۆی کۆلۆمبیا کرد، لەوێ دەتوانێت باشتر دەستی بە خزمەتگوزارییەکان بگات و ژیانێکی نوێ دەستپێبکات. بە دەستتێوەردانەکانی چارەسەری پیشەیی و چارەسەری فیزیۆتێراپی بەردەوام، ئاندرێش زیاتر هیواخواز بوو، بەڵام هێشتا دڵنیا نەبوو لەوەی لەو کاتەوە چی دەکات. ئاندرێس دەڵێت "چاکبوونەوە پرۆسەیەکی تاڵ بوو، چونکە سیستەمەکە ناجێگیرە و پشتیوانی و هاوکاری کەمی دەوڵەت بۆ قوربانییەکان هەیە". ,ئاندرێس توانی پشت بەو پشتگیرییە دەروونی کۆمەڵایەتی و بژێوی و یاساییە ببەستێت کە لەلایەن "کۆمەڵایەتی پاستوراڵ" پێشکەشکراوە، کە ڕێکخراوێکی ئەپستۆریایە لە پاستو، و هەروەها لە لایەن ڕێکخراوی Humanity & Inclusion.

هاوکاری قوربانیان (VA) هەمیشە یەکێك بووە لە پایانەی کەمترین پارەیان بۆ تەرخانکراوە لە چالاکیی مرۆیی مین (5%ی کۆی بودجەی جیهانی چالاکیی مین لە ساڵانی 2021 و 2022). لە ساڵی ٢٠٢١دا، پشتگیری دارایی نێودەوڵەتی تایبەتمەند لە بودجەی جیهانی کارکردنی مین بۆ هاوکاری قووربانیان VA گەیشتە نزمترین ئاستی خۆی کە لە ساڵی ٢٠١٦ەوە تۆمارکراوە سەرەڕای گەشەسەندنی پێداویستییەکان.[17]

[16] هەڵمەتی نێودەوڵەتی بۆ قەدەغەکردنی مین، "چاودێری مین 2023"، 2023.

[17] هەڵمەتی نێودەوڵەتی بۆ قەدەغەکردنی مین، "چاودێری مین ٢٠٢٢" و "چاودێری مین ٢٠٢٣"، ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣.

لەکاتی زاڵبوون بەسەر ئازارە جەستەیی و دەروونیەکانیدا، ئاندرێس هەموو هەوڵێکی خۆیدا بۆ دۆزینەوەی باشترین پەلی دەستکرد بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی تاکو لەگەڵ ئارەزووەکانیدا بگونجێت. ئەمەش گەشتێکی ئاسان نەبوو لە سیستەمێکدا کە هێشتا تەکنەلۆژیای یارمەتیدەری کوالیتی باش و تەکنەلۆژیای ئاست بەرز (وەک پەلی دەستکرد) بە بەرهەمێکی بێهاوتا دادەنرێت.

یەکەم پەلی دەستکردی لەلایەن سیستەمی گشتیەوە بۆ دابینکرابوو کە نەیتوانی جووڵەی تەواو و سەربەخۆی هەبێت، بۆ نموونە نەیدەتوانی لەسەر ڕێگا خۆڵ دارینەکان و پلیکانەکان سەرکەوێت و هەستی بە نارەحەتی و ئازارێکی تەواو دەکرد. دەیزانی ئەم پەلە دەستکردە بۆی گونجاو نییە، بۆیە دەستی کرد بە گەڕان بەدوای پەلێکی دەستکردی باشتر بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی. کاتێک ئاندرێس بیرۆکەیەکی ڕوونی هەبوو کە پێویستی بە چییە، چووە لای پزیشکی تایبەتمەند بۆ ئەوەی ڕەچەتەی پزیشکی وەربگرێت. ئاندرێس ڕووبەرووی چەندین بەربەستی کارگێڕی بوو لە ڕێگەی خۆیدا، لەگەڵ هاتووچۆکردن لە نێوان زۆری لە خزمەتگوزاریە پزیشکییەکانەوە. جگە لەوەش پیشەگەرە پزیشکییەکان زۆرجار پرسیاریان لە داواکارییەکەی دەکرد بۆ دروستکردنی پەلێکی دەستکردی باشتر، کە وەک شتێکی "باشە هەبێت" سەیر دەکرا نەک وەک پێویستییەک.

تێچووی پەلی دەستکرد دەشێت زۆر جیاواز بێت، ئەمەش بەپێی کوالیتی و بەرهەمهێنەر و ئاستی تەکنەلۆژیا دەگۆڕێت. نرخی ئەندامی دەستکردی کوالیتی بەرز لە کۆلۆمبیا دەگاتە نزیکەی ٤٠ هەزار دۆلار، لەکاتێکدا تێکڕای مووچەی مانگانە نزیکەی ٥٠٠ دۆلارە، بەو پێیەی کە توانای کڕینی تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر بەندە بە تێچووی گەشت و لەدەستدانی داهات بۆ بەکارهێنەران و خێزانەکانیان لە کاتی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان کە پێویستە ڕێوشوێنی گونجاو بۆ کەمکردنەوەی ئەو جۆرە تێچوونە ناڕاستەوخۆیانە لەبەرچاو بگیرێت. [18]

دواجار ئاندرێش دوای شەش ساڵ لە ڕووداوەکە پەلێکی دەستکردی تەکنەلۆژیای بەرزی بەدەستکەوت. بەکۆڵنەدان توانی پەلە دەستکردە نوێیەکەی بە تەواوی لەلایەن پرۆگرامێکی چاودێری گشتیەوە دابین بکات، لەو کاتەوە ئاندرێش دووجار پەلە دەستکردەکەی گۆڕیوە بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەوەی کە لەگەڵیدا دەگونجێت و بە شێوەیەکی دروست پارێزگاری لێدەکرێت. وەرگرتن و گونجاندنی پەلە دەستکردەکە پێویستی بە چەندین گەشت هەیە بۆ شاری پایتەخت بۆگۆتا و مانەوە لەوێ بۆ ماوەیەکی زۆر، تێچووی گەشت و مانەوە لە پایتەخت خەرجیەکی بەرچاو بوو لە سەر ئەرک و تێچووی خۆی کە هەرگیز وازی نەهێنا و پڕۆژەی کاری جیاوازی ئەنجامدا بۆ پڕکردنەوەی مافی خۆی لە شایستەی چاودێری کۆمەڵایەتی.

هەرچەندە ئاندرێس نەیتوانی خەونی خوێندنی لە هێزی ئاسمانی کۆلۆمبیا بەدی بهێنێت و ناچار بوو بۆ ماوەیەکی کاتی خوێندنەکەی ڕابگرێت، بەڵام توانی بڕوانامەی ئەندازیاری شارستانی تەواو بکات و لە ساڵی ٢٠٢٢ دەرچوو، لە ئێستادا بەدوای هەلی کاردا دەگەڕێت لەو بوارەدا.

ئاندرێس کەسێکی چالاکە لە ژیانی تایبەتی خۆی و لە کۆمەڵگادا بە پەلە دەستکردە کوالیتی باشەکەی وەرزش دەکات و پەیوەندی بە گروپێکی پارالۆمپیکەوە کردووە. جگە لەوەش ئاندرێس بەشداری لە گروپێکی پشتگیری کردووە کە لەلایەن "کۆمەڵایەتی پاستوراڵ"ەوە بەڕێوەدەبرێت. ئاندرێس دەڵێت."پشتگیری هاوڕێیان یارمەتی ئەو کەسانە دەدات کە بەم دواییە بەهۆی چەك و تەقینەوە بریندار بوون لەوەی هێشتا ڕێگا لەبەردەمیانە". بە دڵنیاییەوە ئاندرێس بەڵگەیەکی زیندووە کە هەنگاونان بۆ پێشەوە شتێکی مەحاڵ نییە کە لە ڕێگەی سەردان و گوێگرتنی چالاک و هاوبەشکردنەوە پشتگیری لە کەسانی دیکە دەکات کە بە هەمان ئەزموونداتێدەپەڕن کە ساڵانێک لەمەوبەر ئەو قوربانی چەك و تەقینەوە بوو.

پلانی کاری ئۆسلۆ بۆ ساڵی ٢٠١٩، ٥٠ کردەوەی لێکەوتەیی دەخاتە ڕوو کە دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی مینی دژە کەسی پێویستە تا ساڵی ٢٠٢٥ بیگرنەبەر بۆ ئەوەی پێشکەوتنی بەرجەستە بەدەستبهێنن بەرەو کۆتاییهێنان بەو ئازارانەی

18 ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و یونیسێف، "ڕاپۆرتی جیهانی لەسەر تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر"، 2022.

بەهۆی مینە دژە مرۆییەکانەوە دروست دەبن. یەکێک لەم کردارانە بە ڕوونی ئاماژەیە بۆ خزمەتگوزارییەکانی چاکسازی گشتگیر و خزمەتگوزارییەکانی پشتیوانی دەروونی و کۆمەڵایەتی، لەوانەش لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی پشتیوانی گروپی (هاوتا بۆ هاوتا)وە.

## چیرۆکی گلۆریای – "گرنگی بە خۆت بدە تا بتوانیت گرنی بە کەسانی تر بدەیت" (کۆلۆمبیا)



کاپشن: گلۆریای و سێباستیانی کوڕەکەی لە دەرەوەی ماڵەکەیان، لە پاستۆ (کۆلۆمبیا) © خوان مانوێل ڤارگاس/HI

گلۆریای شەوی نیسانی ٢٠٠٩ زۆر باش بیری دێتەوە کە تەلەفۆنەکە زەنگی لێدا و فەرمانی پێکرا ماڵەکەی بەجێبهێڵێت. گلۆریا دەڵێت پێمان ڕاگەیێنرا کە "ئەگەر لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا نەچیتە دەرەوە ماڵەکەت دەسوتێنین و بە ئاگربەران لە کوڕە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکەت دەست پێدەکەین" گلۆریای لەگەڵ خێزانەکەی لە ناوچەیەکی گوندنشین لە بەشی نارینۆ دەژیا، هێزە نیمچە سەربازییەکان لە شەڕێکی سەختدا کۆنترۆلی ناوچەکەیان کرد.

ئەو و هەشت ئەندامەی خێزانەکە دەستبەجێ هەڵهاتن، لەنێویاندا کوڕەکەی گلۆریای بەناوی سێباستیان کە نەخۆشی داون و چەندین حاڵەتی تەندروستی هەیە، بەرەو پاستۆ بەڕێکەوتن کە ژمارەیێک لە کەسوکاریان لەوێ دەژیان. "گلۆریا دەڵێت شووقەی خزمەکانمان زۆر بچووک بوو بۆ ئەوەی هەموومان لەناویدا بژیین، بۆیە دەبوو لەسەر زەوی بخەوین و خواردنی پێویست نەبوو" سێباستیان ئەوکاتە تەمەنی ١٧ ساڵ بوو و بە سەختی خۆی لەگەڵ بارودۆخەکەدا دەگونجاند و هێشتا هەستی بە ترس دەکرد.

لە ئەنجامی ململانێ و توندوتیژییەکانەوە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ لە کۆلۆمبیا ٤.٨ ملیۆن کەس وەکو ئاوارەی ناوخۆیی تۆمارکرابوون، ئەمەش[19] بەپێی ئاماری شارەوانی لە ساڵی ٢٠٢٣دا ٢٣ هەزار خاوەن پێداویستی تایبەت لە پاستۆ تۆمارکراون، لەو ژمارەیەش سێ هەزار کەسیان قوربانی ململانێکانن.

بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کات بارودۆخم باشتر بوو، دوای چەند مانگێک لەلایەن دەسەڵاتە گشتییەکانەوە پێگەی "خەڵکی ئاوارە ناوخۆیی"یان پێدرا، بەو مانایەی دەستیان بە هاوکاری مرۆیی دەگات و گلۆریای و کورەکەی مافی ژیانیان لە شوقەیەکدا بەدەستهێنا کە لەلایەن خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانەوە دابینکرابوو. هەڵاتن لە ماڵەکەیان ئەزموونێکی زەبربەخش بوو، بەڵام گلۆریای لایەنێکی ئەرێنیشی تێدا دەبینێت. لە شاری پاستۆ کە شارێکی گەورەترە، سێباستیانی کوڕی چاودێری تەندروستی و چاکسازی و کۆمەڵایەتییەی وەرگرتووە کە پێویستی پێیەتی، ئەمەش مەحاڵ بوو لە گوندە بچووکەکەیان کە بەهۆی شەڕی چەکدارییەوە کاریگەری خراپی لەسەر بوو. لەوەتەی لە شارە نوێیەکەیان نیشتەجێ بووە، سێباستیان بە بەردەوامی چارەسەری پیشەیی و کۆبوونەوەی چارەسەری قسەکردنی وەرگرتووە. ئەم دەستتێوەردانانەی چاکسازی زۆر یارمەتیدەر بوون بۆ پەرەپێدانی هەماهەنگی، کاری دەستی و تواناکانی پەیوەندیکردن، جگە لەوەش، سێباستیان بەشێکە لەو گروپە مۆسیقایەی کە لەلایەن " Fundación Batuta"ەوە بەڕێوەدەبرێت و چێژ لە نمایشکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەندامانی دیکەی گروپەکەدا وەردەگرێت.

لە سەر ئاستی جیهانیدا، خزمەتگوزارییەکانی چاکسازی زۆرجار لە ناوچە شارنشینەکاندا چڕ دەبنەوە، ئەمەش وایکردووە کە کێشەی دەستڕاگەیشتن دروست بکات بۆ ئەو کەسانەی لە ناوچە دوور و/یان گوندنشینەکاندا دەژین. ئەم ئاڵنگاریانە لە چوارچێوەی توندوتیژی و ناسەقامگیریدا خراپتر دەبن، کە گەشتکردن بۆ ئەو شوێنەی خزمەتگوزارییەکانی تێدا پێشکەش دەکرێت ئاڵۆزتر دەبێت، هەروەها بەهۆی مەترسییەکانی مینیشەوە. لەڕاستیدا نارینۆ یەکێکە لەو ١٦ کەرتەی کۆلۆمبیا کە بەهۆی مینی چێندراوەوە پیس بووە.[20]

لە کاتێکدا گلۆریای بەگشتی دڵخۆشە بەو پشتگیرییەی کورەکەی وەریگرتووە، بەڵام بۆی ئەستەمە دەستی بگات بە چارەسەری فیزیایی کە سێباستیان پێویستی پێیەتی بۆ کێشەکانی هاوسەنگی، بەهۆی لیستی چاوەڕوانی درێژ و ژمارەیەکی سنوورداری کاتی چارەسەری فیزیایی بەردەست، جگە لەوەش، پلانی چاودێری کۆمەڵایەتی تێچووی چاودێری پزیشکی و چاکسازی دەگرێتەوە، بەڵام چەند بەرهەمێکی تێچووی زۆر لەم پلانە بەدەر دەکرێن، وەک بەرهەمەکانی پێست و جلوبەرگی ژێرەوە.

لە سەردەمی پەتای کۆرۆنا -کۆڤید-١٩دا خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستی و چاکسازیەکان بە شێوەیەکی بەرچاو پەکیان کەوت. "سەرەڕای بەشداریکردنی لە هەندێک چاوپێکەوتنی تەندروستی ئۆنلاین و کۆبوونەوەکانی چارەسەرکردن، سێباستیان گەڕایەوە دواوە، چونکە چارەسەرە رووبەڕووەکان زۆر کاریگەرترن". کاتێکی زۆر سەخت بوو بۆ گلۆریای و سێباستیان کە گۆشەگیر بوون و لە ترسی نەخۆشییەکەدا دەژیان، چونکە بارودۆخی تەندروستی سێباستیان یارمەتیدەر بوو بۆ تووش بوون بە پەتای کۆرۆنا "کۆڤید 19".

لە سەردەمی پەتای کۆڤید-١٩دا، زۆرێک لە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و خێزانەکانیان بە شێوەیەکی نارێژەیی کاریگەرییان لەسەر بووە بەهۆی سنووردارکردنی جوڵەی کۆمەڵایەتی و مەرجەکانی دوورکەوتنەوەی جەستەیی و پێشینەدان بە هەندێک خزمەتگوزاری تەندروستی- هەموو ئەمانە کاریگەرییان لەسەر دەستڕاگەیشتنیان بە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان هەبووە کە گرنگن بۆ پاراستنی تەندروستی و بەردەوام بوونی ژیان.[21]

[19] سەنتەری چاودێری ئاوارەبوونی ناوخۆیی، 2023.
[20] هەڵمەتی نێودەوڵەتی بۆ قەدەغەکردنی مین، "چاودێری مین ٢٠٢٢."
[21] ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، "ڕاپۆرتی جیهانی لەسەر یەکسانی تەندروستی بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان"، 2022.

چاودێری کردن و گرنگیدان بە سێباستیان پیشەیەکی هەمیشەیی واتە بە شێوازی (٧/٢٤)ە بۆ گلۆریایە، کە داهاتێکی کەمی خۆی لە ڕێگەی دورین و بۆیاخکردنی بەرهەمە پیشەسازییەکان لە ماڵەکەیدا بەدەستدەهێنێت، بۆ ئەوەی هەمیشە لەبەردەستدا بێت ئەگەر سێباستیان پێویستی پێی بێت. چالاکیی داهاتبەخشی ئەو بە پشتیوانی "کۆمەڵایەتی پاستوراڵ" بووە کە لە ڕاستیدا ڕێکخراوەکە ئامێری دورین و کەرەستەی بۆ دابین کرد بۆ ئەوەی دەست پێبکات.

هەروەها گلۆریای لە گروپێکی ناوخۆیی چاودێراندا ئەندامێکی چالاکە، دوای خولێکی ڕاهێنان کە لەلایەن ڕێکخراوی HIەوە ڕێکخراوە، گلۆریای پشتگیری پێشکەش بە چاودێرانی دیکە دەکات کە ڕووبەڕووی بارودۆخی سەخت بوونەتەوە و پێویستیان بە هەندێک ئامۆژگاری پراکتیکی هەیە، یان تەنها پێویستیان بە هاوبەشکردن و گوێگرتن هەیە. "گرنگترین شت کە لە گەشتەکەمدا فێری بووم و هەمیشە دەیگوازمەوە بۆ چاودێرانی دیکە، ئەوەیە کە پێویستە پێش ئەوەی ئاگاداری کەسانی دیکە بیت بە باشی ئاگاداری خۆت بیت."

یاسای ٢٢٨١ کە لە ساڵی ٢٠٢٣ پەسەند کرا، یەکەم "سیستەمی نیشتمانی چاودێری" لە کۆلۆمبیا دامەزراند، بە ئامانجی "دانپێدانان، کەمکردنەوە، دابەشکردنەوە، نوێنەرایەتیکردن و پاداشتکردنی کاری چاودێری مووچەخۆر و بێ مووچە لە ڕێگەی شێوازێکی هاوبەشی بەرپرسیارانە لە نێوان دەوڵەت، کەرتی تایبەت، کۆمەڵگەی مەدەنی، خێزانەکان، کۆمەڵگاکان و نێوان ژنان و پیاوان لە جیاوازی و هەمەچەشنی خۆیاندا.

# چیرۆکی حمود - سەربازێکی پێشوو کە خەبات دەکات بۆ دۆزینەوەی هیوا (عێراق)



ژیانی حمود خەڵەف سلێمان لە ٢ی شوباتی ١٩٨٨ لە کاتی شەڕی ئێران و عێراق بۆ هەمیشە گۆڕا، لەو کاتەدا حمود تەمەنی 33 ساڵ بوو و لە سوپای عێراقدا خزمەتی دەکرد، کاتێک گولە هاوەنێک پێیدا دەتەقێتەوە ئەم برینە ترسناکە بووە هۆی ئیفلیجی سێ ئەندام لە جەستەی.

حمود ئێستا لە شاری ئینتێسار لە پارێزگای نەینەوا نیشتەجێیە، ئەو و بنەماڵەکەی ناچاربوون لە زێدی خۆیان "شەنگال" هەڵبێن، کاتێک داعش گەیشتە ئەوێ. لە شارە نوێیەکەیدا خانوویەکی بچووک بە کرێ دەگرێت کە خۆی و هاوسەرەکەی و دوو کوڕەکەیان لەگەڵ ژنەکانیان و منداڵەکانیان پێکەوە دەژین. ناوبراو توانای وەستان و ڕۆیشتنی نییە  بەهۆی برینەکانی لە جەنگدا و کورسی گەڕۆک بەکاردەهێنێت بۆ جووڵە لە ماڵەکەدا و پێویستی بە پشتیوانی هەیە لەگەڵ چاودێری کەسی و ئەنجامدانی چالاکییە ڕۆتینیەکان. حەمود بە تەواوی بیری دێتەوە کە چۆن بریندار بووە:

“من کڵاوی شەڕەکەمم نەبەستەوە، حەزم دەکرد بە شێوەیەکی شیک لەبەری بکەم، بۆیە لەگەڵ لێدانی هاوەنەکە کڵاوەکەم هەڵفڕی و برینداربووم. من لە بەسرە بووم، لە سنووری عێراق و ئێران، ڕاستەوخۆ هێنرامە بەغدا بۆ نەشتەرگەری کراوەی مێشکم.”

پێکانەکە کاریگەری قووڵی لەسەر ژیانی حمود داناوە، پاڵنەر و هیوا و هێزەکەی جێگەی خۆی بە هەستی گۆشەگیری و نائومێدی بەخشی.

نووسین: حمود لە ماڵەکەی خۆی، لە ئینتێسار (عێراق) © سۆرا ڕادیHI /

ناوبراو ناتوانێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ بژی، ناتوانێت بەشداری لە کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکان بکات، ناچار بووە دەستبەرداری خولیای کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بێت کە بۆ ئەو خولیایە هەموو عێراقی کردووە. حمود دەڵێت، “هەست بە شەرمەزاری دەکەم کاتێك داوای یارمەتی لە کەسانی تر دەکەم بۆ جوڵەکردن. لەو ساتەدا کە لەناو ئەم کورسیەدا دانیشتم، دەستم کرد بە هەستکردن بەم هەستەی دوورخستنەوە”. ئارەزووی بەشداری کردن دەکات لە ئاهەنگ و کۆبوونەوە خێزانییەکان، بەڵام جووڵەکردن بەدەوریدا تەحەدایەکی ڕاستەقینەیە چونکە دەست گەیشتن بە بینا و شوێنە گشتیەکان و ڕێگاوبانەکان و تەنانەت ژێرخانی خزمەتگوزارییەکان زەحمەتە.

> لە چاوپێکەوتنەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچبەران (IOM) لەگەڵ ٨١ نوێنەری ڕێکخراوەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە عێراق، وەڵامەکان بەم شێوەیە بوون: تاکەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و ئەو بەشدارییەی کە دەتوانن بیکەن لە کۆمەڵگاکاندا هەژمارناکرێت و بێ بەهایە. کاتێک کە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان ئەندامی چالاک لە کۆمەڵگاکانیاندا نین ئەوا گۆشەگیر و پەراوێز دەخرێن.

حەمود پێویستی بەوە نەبوو کە زۆر چاوەڕێ بکات تا کورسی گەڕۆکەکەی وەربگرێت، بەڵام ئەو چاکسازییەی کە وەریگرت بەس نەبوو. دوای ماوەیەکی کەم لە برینەکەی، نزیکەی مانگێک چارەسەری سروشتی بۆ کراوە. “دوای تەنها مانگێک لە چارەسەری

فیزیایی، توانیم ٨-١٠م بە گۆچان بڕوم، وردە وردە لە ماڵەوە ئەرکەکانم ئەنجام دەدا". بەڵام ئەم پێشکەوتنە بەرچاوە کاتێک لەدەستچوو کە پچڕانێکی درێژخایەن لە پلانی چاکسازییەکەیدا هەبوو.

حەمود ڕووبەڕووی چەندین بەربەست بووەوە لەوانە: نەبوونی خزمەتگوزاری لەو ناوچەیەی کە تێیدا دەژیا، خراپتربوونی دۆخی دارایی ماڵەکەی کە تەنها دوو کوڕەکەی داهاتێکی کەمیان هەیە، هەروەها پشتیوانی سنووردار لەلایەن حکومەت و ڕێکخراوە مرۆییەکانەوە، جگە لەوەش، حەمود هەستی بە ئاسوودەیی نەدەکرد لە ئەنجامدانی هەندێک لە ڕاهێنانەکان لەگەڵ پزیشکی فیزیایی ئافرەت.

لە عێراق هەر پارێزگایەك خزمەتگوزاری چاکسازی پێشکەش دەکات لە ناوەندی سەرەکی تایبەتمەند بە چاکسازی. ژمارەیەکی کەم لە بەشی چارەسەری فیزیایی لە نەخۆشخانە گشتییەکانیشدا هەن، بەڵام هیچیان لە ئاستی چاودێری تەندروستی سەرەتایی یان کۆمەڵایەتیدا بەردەست نین.[22] نەک تەنها زیادکردنی ژمارەکان لە هێزی کاری چاکسازیدا گرنگە، بەڵکو دڵنیابوون لە هەمەجۆریی جێندەری لە هێزی کاردا شتێکی سەرەکییە. لە سەرانسەری جیهاندا زۆرجار خزمەتگوزارییەکان بەبێ گوێدان بۆ پێداویستییە ڕەگەزییە جۆراوجۆرەکان یان پێداویستییە جیاوازەکان پێشکەش دەکرێن.[23]

هەرچەندە لە ساڵانی ڕابردوودا حەمود سوودی لەو چاکسازییە وەرگرت کە لەلایەن ڕێکخراوی Humanity & Inclusion پێشکەش کرابوو، بەڵام بەس نەبوو بۆ گەڕاندنەوەی جووڵەکەی دوای ئەوەندە ساڵ. حمود دەڵێت، "ئەگەر ڕاستەوخۆ دوای ڕووداوەکە بۆ ماوەیەکی درێژتر چارەسەری فیزیاییم وەرگرتبا ئێستا لەسەر کورسی گەڕۆک نەدەبووم. " هیوادارە چاکسازی وەربگرێت و جووڵەی باشتر بکات. نەبوونی پشتیوانی گشتی و مرۆیی لەو ناوچەیەی کە حەمود تێیدا دەژی ئالنگاریەکی گەورەیە، ناوچەیەک کە بە تەقەمەنی پیس بووە و ڕۆژانە زۆر کەس ڕووبەڕووی دەرئەنجامەکانی ململانێکان دەبنەوە.

لە ساڵی ٢٠٢٢دا، ئاوارەبوونی درێژخایەنی ناوخۆ و هەڕەشەی تەقەمەنی و سنوورداربوونی بەردەستبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و بژێوی ژیان بووە هۆی ئەوەی کە دوو ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەسی هێشتا پێویستیان بە هاوکاری مرۆیی هەبێت لە عێراقدا. سەرەڕای هەوڵە بەرفراوانەکانی هاوبەشە مرۆییەکان بۆ پاککردنەوەی ناوچە پیسبووەکان، نزیکەی ٣٠١٦کم٢ زەوی پیس بووە و تەواوی ڕووبەری پیسبوو هێشتا دیاری نەکراوە.

[22] ڕێکخراوی HI عێراق، "ستراتیژی تەکنیکی تەندروستی 2023-25.
[23] ReLAB-HS ، "چاکسازی لە لێنسی ڕەگەزی"، 2021.

# چیرۆکی شەها - ژیانێکی گەنج کە بۆ هەمیشە کاریگەری تەقینەوەیەکی لەسەرە (عێراق)



شەها تەمەنی نۆ ساڵە و لە پۆلی سێی بنەڕەتیدا، لە ناوچەی گوندنشینی ڕەجەم حەدید لە عێراق دەژی. خۆشترین کات لە لایەن شەها لە ساڵدا کاتی جەژنە (ئاهەنگێکی موسڵمانانە) چونکە جل و بەرگی پێدەدرێت.

شەها دەڵێت: ”من ئارەزووی بووکەڵە و جڵ و بەرگ دەکەم.”,

شاها کاتێک تەمەنی سێ ساڵ بوو لەگەڵ دایک و باوکی و حەوت خوشک و براکەی لە ماڵەکەی هەڵات، چونکە داعش دەستی بەسەر گەڕەکەکەیاندا گرت. لەکاتی گەشتکردنیان بۆ ناوچەیەکی دیکە، بۆمبێکی تەقەمەنی چێنراو (IED) تەقیەوە و باوکی شەها و دوو خوشکەکەی گیانیان لەدەستدا و سێ خوشک و براکەی دیکەش بە سەختی برینداربوون، شەها سووتانێکی سەختی لەسەر دەست و شانی هەبووە لەگەڵ برینداربوونی چەناگە و چاوی بەهۆی پارچەی تەقەمەنیەکەوە.

عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زۆرترین پیس بوونی بە تەقەمەنی بە خۆیەوە دەبینێت لە جیهاندا، مەزەندەکرێت 3,225کم2 لە زەوی پیس بووە. لە ساڵی ٢٠٢١دا مەزەندە کرابوو کە ٨.٥ ملیۆن کەس لە وڵاتەکەدا بەهۆی پیسبوونەکەوە مەترسییان لەسەرە.[24]

شەها لە تەمەنێکی وەها بچووکدا پێشتر پێنج نەشتەرگەری چەناگە و سێ نەشتەرگەری چاوی بۆ کراوە، ئێستا عەدەسەی چاوی دەستکردی هەیە و چاویلکەی لە چاودایە.

کاپشن: شەها لە ماڵەکەی خۆی، لە نەینەوا (عێراق) © سۆرا ڕادیHI /

شاها بە سەختی دەستی ڕاستی دەجوڵێنێت، بەڵام بەو چارەسەرە فیزیاییەی کە لە پیشەگەرەکانی ڕێکخراوی Humanity & Inclusion وەریگرتووە ئێستا توانای جوڵاندنی دەست و پەنجەکانی هەیە. لەگەڵ گەورەبوونی تەمەنی شەها پێویستی بە چارەسەری فیزیایی زیاتر دەبێت بۆ ئەوەی پارێزگاری بکات لە جووڵەی باشی دەستەکانیدا. دایکی شاها سوپاسگوزارە بۆ ئەو پشتگیرییەی کە لەلایەن دراوسێکان و هاوڕێیان و ستافی ڕێکخراوی Humanity & Inclusionەوە پێشکەش دەکرێن. ”بە یارمەتی کەسانی میهرەبان توانیمان پارەی نەشتەرگەرییەکانی چاوی شاها بدەین، پشتگیرییەکانی ڕێکخراوی *Humanity & Inclusion* نەک هەر یارمەتی شاهای دا بەڵکو هانم دا بۆ ئەوەی بەهێز بمێنمەوە.” خێزانەکە بە پێچەوانەوە نەیدەتوانی ئەم تێچووی تەندروستی و چاکسازییە دابین بکات، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە تاکە سەرچاوەی داهات کاری دوورینی خوشکەکەیەتی.

[24] ڕاپۆرتی ڕێکخراوی Humanity & Inclusion، "چاکبوونەوەیەکی سەلامەت بوونی نییە: کاریگەری پیسبوونی تەقەمەنی لەسەر دانیشتوانی زیانلێکەوتوو لە عێراق"، 2021.

دەرەنجامەکانی شەڕ نەک هەر ئازاری جەستەیی بەڵکو ئازاری دەروونیشی لێکەوتەوە. دایکی شەهـا دەڵێت: " دەروونناسەکەی شەها رایگەیاندووە کە لە ساتەوەختی تەقینەوەکەدا ژیانی وەستاوە" دوای تەقینەوەکە شاها نەیتوانی قسە بکات و بەردەوام خەونی دەبینی و ئارەزووی خواردنی نەبوو، چارەسەری دەروونی کە بۆ زیاتر لە ساڵ و نیوێک بەشداری تێدا کردووە کاریگەری ئەرێنی لەسەر خۆشگوزەرانی و توانای پەیوەندیکردنی هەبووە. شاها دڵخۆشە بە چوونە قوتابخانە، هەرچەندە ئەو دەڵێت: "کچانی قوتابخانە گاڵتەم پێدەکەن چونکە چاویلکەم لە چاودایە و برینی سووتاویم هەیە".

نیگەرانییەکانی تەندروستی دەروونی لەو وڵاتانەدا زیاد دەکات کە بەهۆی چەك و تەقەمەنییەوە کاریگەرییان لەسەرە، چونکە ئەزموونکردنی رووداوە دڵتەزێن و زەبربەخشەکان کە بەهۆی توندوتیژی درێژخایەنەوە دروست دەبن دەتوانێت ببێتە هۆی لاوازکردنی ئاستی دەروونی و ئاستەنگی هەمیشەیی لە تەواوی ژیان، خەمۆکی، هەستکردن بە نائەمنی، دواکەوتنی کۆمەڵایەتی و زیانگەیاندن بە خۆ و خۆکوشتن. [25]

هیچ خزمەتگوزارییەکی تەندروستی و گۆڕەپانی یاریکردن و قوتابخانەیەک لە نزیک ئەو شوێنە نییە کە خێزانی شاها لێی دەژین. منداڵان لە مانگەکانی زستاندا بە زەحمەت دەگەنە قوتابخانە، چونکە شەقامەکان قوڕاوی دەبن و قیرتاو نەکراون، هەندێک جار شەهـا دەگرییت و دەڵێت نایەوێت بچێتە قوتابخانە چونکە دەبێت ڕێگایەکی دوور ببڕێت.

لە کاتێکدا رێکخراوە ناحکومییە مرۆییەکان وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی شەهـا بوون، بەڵام خەرجییە زۆرەکانی دابینکردنی تێچووی دەرمان و گواستنەوە بارگرانییەکی بەرچاوە لەسەر ماڵەکە پێناچێت لە داهاتوودا ئەم تێچوونانە کەم ببنەوە. بارودۆخی تەندروستی شەهـا پێویستی بە بەدواداچوونی پزیشکی بەردەوام هەیە و نەشتەرگەرییەکی دیکەی چاوی پێویستە لە تەمەنێکی گەورەتردا. یەکێک لە براکانی شەهـا تووشی شێرپەنجەی مێشکی بووە و لە ئەنجامدا مێشکی تێکچووە و پێویستی بە چەندین نەشتەرگەری هەیە. جگە لە تێچووی پەیوەندیدار بە تەندروستی، دایکی شەهـا دەڵێت کەمیی کارمەندانی چاودێری تەندروستی دەبێتە هۆی چاوەڕوانی درێژخایەن تەنانەت بۆ پشکنینێکی سادەی وەك پشکنینی خوێن.

سەرەڕای ئەو بەرنامانەی کە هەن بۆ پشتگیریکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و چاودێرانیان، زۆرێک لە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان ناتوانن پارەی پاراستنی کۆمەڵایەتی وەربگرن. بۆ ئەوەی خەڵک داواکاری پێشکەش بکەن، سەرەتا دەبێت سەردانی ناوەندێك بکەن و پاشان هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت کە "ئاستی" پێویستی کەمئەندامیان هەیە (بە رێژەی سەدی ٪)، کە چەندین سەردان و رێکاری ئاڵۆز لەخۆدەگرێت، بۆیە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان زۆرجار پشت بە رێکخراوە ناحکومییەکان دەبەستن بۆ پێداویستییە سەرەتاییەکانیان.[26]

خێزانەکەی شاها خێزانێکی بەهێز و یەکگرتووە و برا گەورەکەی شەهـا رووناکی رێنماییانە. هەر لەو کاتەوەی کە باوکیان مردووە بە "بابا" (باوک) بانگی براکەیان دەکەن، خوێندکارێکی ئاست بەرزە و لە ساڵی دووەمی خوێندنی بەشی بێهۆشکردندایە و ئاواتێکی گەورەی هەیە بۆ پشتگیریکردنی خێزانەکەی بە باشترین شێوە.

## چیرۆکی بەڕێز دی - ڕزگاربووێکی ڕووداوی هاتوچۆ و میکانیکێکی سەرکەوتوو

بەڕێز دی میکانیک و هاوسەر و باوکی دوو منداڵە کە تەمەنیان لە خوار پێنج ساڵانەوەیە. لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا لەگەڵ ئامۆزاکەی بە ماتۆڕسکیلێکەوە دەڕۆیشتن بۆ ئەوەی بگەنە کێڵگەیەک کە کاریان لێ دۆزیبووەوە لە ناوچەیەک کە ڕێگاکەی چەمانەوە و بەرز و نزمی سەختی هەیە. بڕێکی ماتۆڕسکیلەکەی بە باشی کاری نەدەکرد، هەروەها نەیدەتوانی خۆی لە بەربەستە سەلامەتییە

[25]ڕێکخراوی Humanity & Inclusion عێراق، "ستراتیژی تەکنیکی تەندروستی ٢٠٢٣-٢٥."
[26] کارکردن دژی برسێتی، "دەستگەیشتن بە پاراستنی کۆمەڵایەتی لە عێراق: نەخشەکێشانی بەرنامە و شیکاری بەربەستەکان"، 2023.

کۆنکرێتییەکانی تەنیشت ڕێگاکە بەدوور بگرێت، لەکاتی پاڵکەوتن لەسەر ڕێگا هەستی بە هیچ ئازارێک نەدەکرد، بەڵام کاتێک هەوڵیدا و نەیتوانی هەستێتەوە بۆی دەرکەوت کە کێشەیەکی گەورەی هەیە.

له (کۆماری دیموکراتی گەل) لاوس، ڕووداوی هاتووچۆ ساڵانە بە ڕێژەی ٣٥% لە نێوان ساڵانی ٢٠١٠ بۆ ٢٠٢٠ بەرزبووەتەوە، ژمارەی قوربانیانیش بە ڕێژەی ٦٧% زیادیکردووە و گەیشتووەتە زیاتر لە هەزار کەس. چیرۆکی ڕزگاربووانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ شایەتحاڵی کاریگەرییە توندەکانی ڕووداوەکانن لەسەر تەندروستی کەسی و باری دارایی خێزان.[27]

خۆشبەختانە ئامۆزاکەی بریندار نەبووە، بەڕێز دیی لە شوێنێکی سەلامەت لە تەنیشت ڕێگاکە دانا و بە ماتۆڕسکیلەکە ڕۆیشت بۆ ماڵی خێزانی بەڕێز دی بۆ ئەوەی دایک و باوکی لە ڕووداوەکە ئاگادار بکاتەوە. دایک و باوکەکە ئۆتۆمبێلێکیان ڕێکخست و کوڕەکەیان هەڵگرت و بە ئۆتۆمبێلەکەیان بردیانە نزیکترین نەخۆشخانە کە چوار کاتژمێر لێیەوە دوورە. پزیشکەکە یەکسەر ڕایگەیاند کە پێویستە قاچی چەپی لە خوار ئەژنۆیەوە ببڕدرێت.

بەڕێز دی دەڵێت: " هیچم لەبارەی بڕینی بەشەکانی جەستە و کەمئەندامییەوە نەدەزانی، زۆر لە خەمی داهاتوومدا بووم، بەتایبەتی ئایا دەتوانم کار بکەم و هاوسەرگیری بکەم" جگە لەوەش هەستی بە تاوانباری دەکرد بەهۆی ئەو نائومێدییەی کە وای بۆ دەچوو ئەو هۆکارە، بەو پێیەی بە شێوەیەکی نەریتی چاوەڕوان دەکرێت کوڕە گەورەکە ئاگاداری هەموو خێزانەکە بێت.

لەو مانگەی کە لە نەخۆشخانەدا بەسەری بردووە، بەردەوام لەسەر جێگاکە پاڵکەوتبوو و هەرگیز هیچ پشتگیرییەکی دەروونی کۆمەڵایەتی وەرنەگرت و ئاگاداریان نەکردەوە دەربارەی پەلی دەستکرد یان خزمەتگوزاری چاکسازی، بۆیە کەوتە ناو خەمۆکییەکی قووڵەوە. کاتێك گەڕایەوە ماڵی دایک و باوکی بەدەگمەن ژووری نووستنەکەی بەجێدەهێشت، ژمارەیەکی کەم لە هاوڕێکانی سەردانیان دەکرد.

ئامۆزاکەی کە لە سوپادایە باسی ئەو خزمەتگوزارییە چاکسازییەی بۆ کردووە کە لە نەخۆشخانەیەکی گەورەتر و دوورتردا پێشکەش دەکرێت. نزیکەی ساڵێکی خایاند تا خێزانی بەڕێز دی بردیان بۆ سەنتەری چاکسازی، ئەمەش کاتێکی بەرچاوە بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەرییەکانی بڕینی بەشەکانی جەستە لەسەر باروودۆخی دەروونی و جەستەیی گەنجێک.

لەو وڵاتانەی کە کاریگەری ململانێیان لەسەرە خزمەتگوزارییەکانی چاکسازی و دابینکردنی تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر زۆرجار بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی جەنگاوەرە دێرینەکان و/یان قوربانییەکان داڕێژراون، وەک ئەوەی لە دوای شەڕی ناوخۆی لاوس (1959-1975) ڕوویدا، بەڵام چوارچێوەی یارمەتیدانی قوربانییەکان بە تایبەتی ئاماژە بەو ڕاستییە دەکەن کە نابێت هیچ جیاکارییەک لە دژی قوربانییەکان یان لە نێوان بریندارەکان یان لە نێوان ڕزگاربووان و کەسانی دیکەی خاوەن پێداویستی تایبەتدا هەبێت کە دەبێ بە هەمان شێوە سوودمەند بن لە خزمەتگوزارییەکان.

لە کاتێکدا کە تێچووی پزیشکی و گواستنەوە لە لایەن سیستەمی گشتیەوە دابین دەکرا، تێچووی گواستنەوە تەنیا دوای یەکەم چاوپێکەوتن لە نەخۆشخانە قەرەبوو دەکرایەوە و کەسانی یاوەری دەبوو خۆیان پارەکە بدەن، ئەمەش نزیکەی خەرجی ٢٠٠ دۆلاری ئەمریکی بوو بۆ باوکی بەڕێز دی، کە بۆ ماوەی دوو هەفتە لەگەڵیدا لە سەنتەرەکەدا مایەوە. تەنها دوای ساڵێک کاتێک خێزانی بەڕێز دی توانیان ئەم بڕە پارەیە کۆبکەنەوە، سەردانی سەنتەری چاکسازییان کرد بۆ وەرگرتنی قاچی دەستکرد. " ژیانێکی نوێم هەبوو بە قاچە دەستکردەکەم متمانەیەکی زۆرم بەدەستهێنا، بۆیە بڕیارمدا بچمە پایتەخت و پەیوەندیم بە پرۆگرامێکی پیشەییەوە کرد بۆ ئەوەی ببمە میکانیک."

[27] بانکی نێودەوڵەتی، بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی ژمارە EAP030/2022/، 2021.

به باشترکردنی کار و شێوازەکان ە چاکسازی و تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر و دەستڕاگەیشتن بە خوێندن بەشداریکردنی کۆمەڵایەتی و چالاکییەکانی کارکردن زیاد دەکەن، ئەمەش یارمەتیدەرێکی باش دەبێت لە توانای تاک بۆ بەشداریکردن لە چەندین بواردا کە داهاتی وەبەرهێنان زۆرە: بۆ هەر دۆلارێک کە لە ئامێرە یارمەتیدەرەکاندا وەبەرهێنراوە داهاتی نۆ دۆلاری هەیە.[28]

لە ساڵی ٢٠٢٠ بە پاڵپشتی ڕێکخراوی Humanity & Inclusion توانی شارەزایی بەڕێوەبردنی کار بەدەست بهێنێت و گەراجی تایبەتی خۆی بکاتەوە لە نهۆمی خوارەوەی ئەو بینایەی کە خێزانەکەی تێیدا دەژین لە شەقامێکی قەرەباڵغی شارۆچکەی سام نۆوای پارێزگاکە، هەروەها یارمەتی دەدرێت بۆ ئەوەی بەردەوام دەستی بە چاکسازی بگات. لەڕاستیدا بەڕێز دی بە نزیکەیی هەر دوو ساڵ جارێک پێویستی بە قاچێکی دەستکردی نوێیە کە هەر جارێک هەفتەیەک لە نەخۆشخانە مانەوەی لەخۆدەگرێت.



زۆر لە کارەکەی ڕازییە، بەو پێیەی کڕیاری دڵسۆزی زۆری هەیە، وە لە هەمووی زیاتر شانازی بەوەوە دەکات کە دەتوانێت پشتگیری دایک و باوکی بکات، وەک چۆن چاوەڕوان دەکرێت کوڕی یەکەمی خێزان بیکات.

"زۆربەی کڕیارەکان لەبارەی قاچمەوە نازانن، ئەوان هەستی پێناکەن. بە تەنیا دەتوانم زۆربەی کارەکان ئەنجام بدەم، دراوسێ و هاوڕێکانم دێن و یارمەتیم دەدەن کاتێک پێویستم بە یارمەتی هەیە لە بەرزکردنەوەی کەلوپەلی قورسدا."

کاپشن: بەڕێز دی لە گەراجەکەدا کاردەکات کە خۆی خاوەندارێتی دەکات (کۆماری دیموکراتی گەل) لاوس
©Simon Côte Production / HI

# چیرۆکی بەڕێز نگۆک – "هەموو ڕزگاربووان دەبێ دەستیان بە خزمەتگوزارییەکانی چاکسازی بگات" (لاوس)

بەڕێز نگۆک تەمەنی هەشت ساڵ بوو کاتێک لە ڕووداوێکی تەقەمەنی نەتەقیو (UXO)دا دەستی ڕاستی لەدەستدا. مامۆستا منداڵەکانی لە پۆلەکەی خۆیدا بردبوو بۆ کۆکردنەوەی دار لە دارستاندا، مشاری بەڕێز نگۆك بەر تەقەمەنی نەتەقیو کەوت، لە ڕووداوەکەدا منداڵێک گیانی لەدەست دا و دوو کەسی دیکەش بریندار بوون، لەو کاتەدا بەڕێز نگۆک نەیدەزانی چ جۆرە چەکێک بووەتە هۆی تەقینەوەکە، بەڵام ئێستا پێی وایە کە گولە هاوەنێك بووە.

گولە هاوەن کە لە زەویەوە هەڵدەدرێت یان لە هەواوە دەخرێتە خوارەوە، پێکدێت لە چەند کۆنتێنەرێك کە دەکرێنەوە و تەقەمەنی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بڵاو دەکەنەوە سەر ڕووبەرێکی فراوان. بەنزیکەیی ٤٠٪ شکست دەهێنن لە تەقینەوە لەکاتی لێداندا، پاشان دەبنە مین و دوای ماوەیەکی زۆر لە کۆتایی هاتنی ململانێکان بەبێ جیاوازی دەبنە هۆی کووشتن و پەکخستن. کۆماری دیموکراتیی

[28] هاوبەشی جیهانی بۆ تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر، "کەیسی وەبەرهێنان لە تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر"، 2020.

گەلی لاوس بەرزترین ئاستی پیسبوونی جیهانی هەیە بەهۆی پاشماوەی تەقەمەنی نەتەقیوەوە، کە لە ئەنجامی هەڵمەتی بۆردومانەکانی ئاسمانی (ئەمریکا) لە ساڵانی ١٩٦٤-١٩٧٣ لە نێوان جەنگی دووەمی هیند و چین ئەنجامدرا.[29]

ئێستا بەڕێز نگۆک تەمەنی ٣٨ ساڵە، جووتیارێکە و لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی لە ناوچەی گوندنشینی هوامیوانگ (لە باکووری (کۆماری دیموکراتی گەل)) لاوس دەژین. ئەو دەڵێت: " بەڕاستی سەخت بوو کارە قورسەکانی کێڵگەکان بە یەک دەست ئەنجام بدرێن". لەڕاستیدا بەڕێز نگۆک دەبوو نزیکەی ٢٠ ساڵ چاوەڕێ بکات تا بتوانێت دەستی بەو خزمەتگوزاری و ئامێرانەی چاکسازی بگات کە پێویستی پێ بوو.

دوای ڕووداوەکە پزیشکەکان سەرەتا تەنها پەنجەکانی دەستیان بڕیەوە، بەڵام ئەندامەکە بەهۆی ئەو ماددە کیمیاییانەی کە لە چەکەکەدا بوون زیانیان پێگەیشت و لە نەشتەرگەرییەکانی دواتردا ناچاربوون هەموو دەستەکەیان ببڕنەوە.

بەڕێز نگۆک هەستی بێهیوایی لەبیرە کاتێک تێگەیشت لەوەی دەستی ڕاستی نەماوە، پشتگیری دایک و باوکی و پزیشکەکان و بینینی منداڵانی دیکە لە نەخۆشخانە کە وەک ئەو بریندار بوون، قەناعەتی پێکرد کە دەتوانێت درێژە بە ژیانی خۆی بدات. لەو مانگەی لە نەخۆشخانەکەدا مایەوە هیچ چارەسەرێکی فیزیایی وەرنەگرت، ئاگادارنەکراوەتەوە دەربارەی پەلی دەستکرد یان هیچ خزمەتگوزارییەك یان ئامێری چاکسازی دیکە.

لە (کۆماری دیموکراتی گەل) لاوس چاکسازی بە شێوەیەکی سەرەکی لە نەخۆشخانەکانی ناوەندی/ پارێزگاکان و لە ناوەندەکانی چاکسازی پێشکەش دەکرێن. بەگشتی وەزارەتی تەندروستی چاکسازی لە نەخۆشخانەکانی قەزاکاندا دابین ناکات، هەوڵەکان هەبوون بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەک لەسەر ئاستی کۆمەڵگا بەڵام ئەم هەوڵانە هێشتا سنووردارن لە ڕووی مەودا و ڕووبەری جوگرافییەوە.[30]

ناوبراو گەڕایەوە قوتابخانە و بڕیاریدا بەردەوام بێت لە خوێندن و خۆی لەگەڵ لەدەستدانی دەستی ڕاستیدا بگونجێنێت. سەرەڕای ئەو ژینگەیەی کە هەندێکجار دوژمنکارانە بوو بە توانجی توندی هاوپۆلەکانی و دراوسێکانی توانی تا تەمەنی ١٨ ساڵی بەردەوام بێت لە خوێندن، تەمەنی گەیشتە ٢٧ ساڵان کاتێک بۆ یەکەمجار یارمەتی وەرگرت بۆ دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی چاکسازی. لەلایەن بەرپرسانی گوندەکەوە ڕەوانەی سەنتەری چاکسازی پارێزگاکە کرا کە چوار تاوەکو پێنج کاتژمێر بە ئۆتۆمبێل لە ماڵەکەیەوە دوورە، دوو ڕۆژ لە سەنتەرەکەدا مایەوە کاتێك یەکەم قۆڵی دەستکردی وەرگرت.

نووسین: بەڕێز نگۆک لە سەنتەری پەروەردەی مەترسی تەقەمەنی نەتەقیووە لە سام نۆوا (کۆماری دیموکراتی گەل) لاوس © Simon Côte Production/ HI

[29] چاودێری چەك و تەقەمنی و مین، کاریگەری (کۆماری دیموکراتی گەل) لاوس، دوایین نوێکردنەوە: 5ی ئەیلوولی 2023. وەرگیراوە لە- http://the- :
/impact.aspx(PDR)monitor.org/en-gb/reports/2023/lao-
[30] وەزارەتی تەندروستی (کۆماری دیموکراتی گەل) لاوس بە پشتیوانی ئاژانسی ئەمریکا بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، "هەڵسەنگاندنی سیستماتیکی دۆخی چاکسازی لە کۆماری دیموکراتی گەلی لاوس"، 2018.




بەرهەمە یارمەتیدەرەکان (بە شێوەیەکی سەرەکی پەلی دەستکرد، ئامێری ڕاستکردنەوە و ژمارەیەکی سنووورداری ئامێری یارمەتیدەرەکانی جووڵە) لە ڕێگەی پێنج سەنتەری چاکسازییەوە کە پشتگیری دەکرێن لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە بەردەستن بەشێوەیەکی (بەخۆڕایی). هاوبەشەکانی گەشەپێدانی وەزارەتی تەندروستی بەشداری لە تێچووی کەرەستەدا دەکەن و بەردەوامی پشتگیری دارایی ئەم خزمەتگوزارییە هێشتا بە تەواوی چارەسەر نەکراوە [31]

ئامێرەکە تایبەتمەندی زۆری نەبوو بەڵام متمانەی پێبەخشی: بە زەردەخەنەوە دەڵێت: " لە ئاهەنگەکان و دەرەوەی گوندەکەمدا دەمتوانی لەبەری بکەم بەبێ ئەوەی خەڵک بزانن کە من خاوەن پێداویست تایبەتم." لە ماوەی ١١ ساڵی ڕابردوودا سێ پەلی دەستکردی جیاوازی هەبووە. لە ساڵی ٢٠٢٣دا نوێترین قۆڵی دەستکردی چاپکراوی سێ ڕەهەندی و هاوپێچێکی گونجاوی لە دەستەی ڕێکخستنی نیشتمانی بەدەست گەیشتووە و هیواداره لە داهاتوودا ئامێرێکی کاراتری هەبێت بۆ ئەوەی لە ژیانی ڕۆژانەیدا سەربەخۆتر بێت.

بە گەڕانەوە بۆ دواوە زۆر سوپاسگوزارە بۆ ئەو خزمەتگوزارییانەی کە توانی دەستی پێیان بگات، بەڵام بیر لەو کەسانەش دەکاتەوە کە هێشتا پێداویستیەکانیان دابین نەکراوە: " لە (کۆماری دیموکراتی گەل) لاوس خەڵکێکی زۆر زیاتر هەن کە تووشی تەقەمەنی نەتەقیو *UXO* بوون. هەموو ڕزگاربووێکی تەقەمەنی نەتەقیوو *UXO* پێویستە زانیاری لەسەر خزمەتگوزارییەکانی چاکسازی هەبێت و دەستی پێی بگات بە تایبەت لە ناوچە دوورە دەستەکاندا، ئەگەر ئاگاداریان نەبن ناتوانن بەدوای خزمەتگوزارییەکەدا بگەڕێن."

چوارچێوەی سیاسەت بەدرێژایی ساڵان پەرەی پێدراوە بۆ ڕێنماییکردنی وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی چاکسازی و یارمەتیدانی قوربانییەکان. یارمەتی قوربانییەکان چوارچێوەیەکی سیاسەتی تایبەتی هەیە بۆ ماوەی 2022-2026 و یەکخراوە لەگەڵ ڕێڕەوی سەلامەتی پێشەوە III2021-2030 و پلانی کاری فرە ساڵەی 2022-2026.

هێشتا ناتوانێت دەستی بگات بە هەموو خزمەتگوزارییانەی کە پێویستی پێیەتی، لە تەقینەوەکەدا چاوی زیانی پێگەیشتووە و تا ئێستاش هەندێک پارچەی تەقەمەنی لە ژێر پێستیدا ماونەتەوە. هەرچەندە خزمەتگوزاری چاودێری چاو بێبەرامبەرە لە ئاستی قەزاکاندا بەڵام ڕەوانەی خزمەتگوزارییە گونجاوەکان نەکراوە و هەرگیز نەیتوانی ئەوکات و سەرچاوەی پێویست بۆ گەشتکردن بۆ پایتەختی وولاتەکە بۆ پشکنینی چاوی ڕاستی تەرخان بکات. توانای دارایی بە ڕاستی مایەی نیگەرانییە: " خۆزگە یارمەتی زیاتر هەبوایە بۆ پشتگیریکردنی بژێوی قوربانییەکان بۆ ئەوەی بتوانین بژێوی خێزانەکانمان دابین بکەین."

[31] وەزارەتی تەندروستی (کۆماری دیموکراتی گەل) لاوس بە پشتیوانی ئاژانسی ئەمریکا بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، "هەڵسەنگاندنی سیستماتیکی دۆخی چاکسازی لە کۆماری دیموکراتی گەلی لاوس"، 2018.

# چیرۆکی خاتوو شوا شیۆنگ – "هێشتا هەست بە جیاوازی دەکەم" کۆماری دیموراتی گەل لاوس



کاپشن: خاتوو شوا لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکەی (کۆماری دیموکراتی گەڵ لاوس) © Simon Côte Production/ HI

خاتوو شوا شیۆنگ تەمەنی ٣٣ ساڵە و لە کۆمەڵگەیەکی گوندنشینی همۆنگ لە قەزای هۆواموانگ دەژی. خاتوو شوا شیۆنگ و هاوسەرەکەی برنج و گەنمەشامی دەچێنن، هەروەها مریشک و بەراز و بزن بەخێو دەکەن بۆ بژێوی ژیانیان و شەش منداڵەکەیان، ئەوان وەک کرێکاری ڕۆژانە لە کێڵگەکانی تردا کار دەکەن کاتێک داهاتەکانیان کەم بێت.

لە منداڵیدا لەگەڵ باوک و براکەی لە کێڵگەکاندا کاریان دەکرد، ئەوان نەیاندەزانی تەقەمەنی نەتەقیوو (UXO) لەو شوێنەدا بوونی هەیە. لە ڕووداوێکی تەقینەوەدا خاتوو شوا شیۆنگ لە تەمەنی نۆ ساڵیدا کاتێک کاری کێڵگەیی دەکرد بە هۆی تەقەمەنی نەتەقیووUXOەوە بە سەختی بریندار بوو. ئەو گەشتە دوور و درێژەکەی بۆ نەخۆشخانەی پارێزگاکە لەبیرە کە پزیشکانی نەشتەرگەری قۆڵی ڕاستی لە خوار ئانیشکیانەوە بڕی. "سەرەتا گواسترایمەوە بۆ ماڵەکەم و دواتر چەند کاتژمێرێکی پێچوو تا دایک و باوکم گەیشتنە ڕێگای سەرەکی کە باوکم دەیتوانی بارهەڵگرێک بە کرێ بگرێت و بمباتە نەخۆشخانە."

تەقەمەنی نەتەقیو (UXO) نزیکەی 25%ی گوندەکانی وڵاتەکەی داپۆشیوە.[32] لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا ساڵانە بە تێکڕا 50-60 کیلۆمەتر زەوی پیسبوو بە تەقەمەنی پاککراوەتەوە. پلانی کاری فرە ساڵەی (کۆماری دیموکراتی گەل) لاوس بۆ ساڵی 2022-2026 ئامانجیەتی 500کم پاک بکاتەوە.[33]

دوای سێ ڕۆژ لە بڕینی جەستەی و هەستی بە ئازارێکی زۆرەوە گەڕایەوە ماڵەوە و لە بەر تووشبوونی ئازاری جەستەیی ناچار بوون نەشتەرگەری دووەمی بۆ بکرێت. لەو کاتەدا خێزانەکەی هەندێک پشتگیری دارایی لە ڕێکخراوێکی ناحکومی نێودەوڵەتی وەرگرت، بەڵام ئاگادار نەکرانەوە لە خزمەتگوزارییەکانی چاکسازی یان ئامێرە یارمەتیدەرە بەردەستەکان.

جگە لەوەش ناچار بوو ڕووبەڕووی کاردانەوە نەرێنییەکانی هەندێک لە ئەندامانی خێزانەکەی و کۆمەڵگاکەی ببێتەوە، کە نەیاندەویست لەگەڵ کچێکدا تێکەڵ بن کە ئەندامێکی براوی هەبێت، بەڵام مامۆستاکانی و خوێندکارەکانی دیکەی قوتابخانە پشتگیریان دەکرد. بۆ نموونە خاتوو شوا شیۆنگ بیری دێتەوە کە داوایان لێ نەکردووە بەشداری لەو چالاکییانەدا بکات کە نەیتوانیوە ئەنجامی بدات وەک پاککردنەوەی قوتابخانە. سەرەڕای ئەوەش هەستی بە جیاوازییەکی زۆر دەکرد لە منداڵەکانی تردا: "ئارەزووی چوونە دەرەوەم نەبوو، پێم باش بوو بە تەنیا یاری بکەم و کات بەتەنیا بەسەر ببەم."

لە سەرانسەری بەشە گەورەکانی جیهاندا، کچان و ئافرەتان لە هەموو تەمەنێکدا بێ گوێدانە بە پێداویستە تایبەتیەکانیان ڕووبەڕووی چەندین جۆری هەڵاواردن و نایەکسانی دەبنەوە کە بەهۆی چەندین بەربەستی هەڵوێست و چەشنە (کەڵەکەبووەکان)ەوە هەڵدەقولێن.

دوای چەند ساڵێک، کاتێک تەمەنی گەیشتە ١٣ ساڵان، یەکەم قۆڵی دەستکردی لە سەنتەری چاکسازی شیان خوانگ وەرگرت دوای ئەوەی لەلایەن بەرپرسانی گوندەکەوە دەستنیشانکرا و لەلایەن ڕێکخراوێکی ناحکومییەوە پشتیوانی لێکرا. "لە قوتابخانە، هەستم بە متمانەی زیاتر دەکرد و توانای نووسینیشم باشتر بوو، ئەگەر کەسێک سەیری دەکردم نەیدەتوانی پێشبینی ئەوە بکات کە من ئەندامێکم براوەتەوە."

لە ساڵی ٢٠٢٢ خاتوو شوا شیۆنگ پەلێکی دەستکری سێ ڕەهەندی لە دەستەی ڕێکخستنی نیشتمانی وەرگرت. ئەو دەڵێت کە ئامێرەکە زۆر توند بووە، چونکە خاتوو شوا شیۆنگ لەو کاتەی پێوانەکانی وەرگیراوە لاوازتر بووە، ئەو بەدەگمەن ئێستا ئامێرەکەی بەکاردەهێنێت: "یارمەتیدەرە لە کارەکانی ڕۆژانەم و ئەرکە بچووکەکانمدا بەڵام هەموو ئەرکەکانی قۆڵێکی ڕاستەقینەی نییە و یارمەتیم نادات باری قورس هەڵبگرم." بەبێ پشتگیری دەرەکی خاتوو شوا شیۆنگ نازانێت چۆن ڕەوانەی سەنتەری چاکسازی بکرێت بۆ گونجاندنی پەلە دەستکردەکەی، هەروەها نازانێت چۆن تێچووی گواستنەوە و شوێنی نیشتەجێبوون دابین بکات.

لە حاڵەتی ڕووداوێکی تەقینەوەی تەقەمەنی نەتەقیوو UXO، یەکەی یارمەتیدانی قوربانییەکانی دەستەی ڕێکخستنی نیشتمانی بەدواداچوون و پەیوەندی لەگەڵ بەڕێوەبەران دابین دەکات بۆ دڵنیابوون لە گەیاندنی پشتگیرییە بنەڕەتییەکان.[34]

[32] وەزارەتی تەندروستی (کۆماری دیموکراتی گەل) لاوس بە پشتیوانی ئاژانسی ئەمریکا بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، "هەڵسەنگاندنی سیستماتیکی دۆخی چاکسازی لە کۆماری دیموکراتی گەلی لاوس"، 2018.

[33] چاودێری تەقەمەنی مین و گولە هاوەن، کاریگەری کۆماری دیموکراتی گەلی لاوس، دوایین نوێکردنەوە: 5ی ئەیلوولی 2023. وەرگیراوە لە : http://the-monitor.org/en-gb/reports/2023/lao-(PDR)impact.aspx/

[34] UNDP ، "بەڵگەنامەی سەرەکی زانیاری دەربارەی سەردانی مەیدانی بەخشەران (تەقەمەنی نەتەقیوو UXO و میدیا) 31ی ئازار-2ی نیسانی 2021".

(کۆماری دیموکراتی گەل) لاوس ، چاکسازی لە ئاستی قەزا و کۆمەڵگا زۆر سنووردارە، و بەڕێوەبردنی کەیس / ڕێڕەوی ڕەوانەکردن پەرەی نەسەندووە.[35]

ناوبراو وەک تاکێکی کۆمەڵگا هێشتا هەست بە جیاوازییەکی زۆر دەکات لەگەڵ ئافرەتانی دیکەدا و پێی وایە هەندێک کەس لە گوندەکەیدا بەهۆی لاوازییەکەیەوە ڕێزی لێناگرن. سوپاسگوزارە بۆ ئەو پشتگیرییەی لەلایەن هەندێک لە ڕێکخراوەکانەوە پێشکەش بە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دەکرێت و دەتوانێت پشت بە پشتیوانی هاوسەرەکەی ببەستێت کە دەڵێت: "ئەو ژنی منە و خۆشم دەوێت، گرنگ نییە ئەگەر ئەو نەتوانێت هەمان کارەکانی کەسانی تر بکات."

[35]ڕێکخراوی Humanity & Inclusion"دەستنیشانکردنی iFAR (باشترکردنی دەستڕاگەیشتنی دارایی بۆ خزمەتگوزارییەکانی چاکسازی) -شیکاری سیستەمی ئابووری چاکسازی کارا لە (کۆماری دیموکراتی گەل) لاوس لە 2015 و لە ساڵی 2018 نوێکراوەتەوە.

# دەرەنجام و پێشنیارەکان

- **1/ زیادکردنی سەرچاوە دارایی و تەکنیکیەکان بۆ پێشکەش کردنی پاڵپشتی سیستماتیک و درێژخایەن بۆ قوربانیان**

بە واژووکردن و پەسەندکردنی پەیماننامە و رێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان، دەوڵەتان ئەرکی تایبەتیان هەیە بۆ بەدیهێنانی مافەکانی رزگاربووان و قوربانیانی ناڕاستەوخۆی چەك و تەقەمەنی و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.[36] زۆر گرنگە دەوڵەتە زیانلێکەوتووەکان ستاندارده نیشتمانییەکان سەبارەت بە یارمەتیدانی قوربانییەکان پەسەند بکەن بە پابەندبوون بە ستانداردی نێودەوڵەتی کردەوەی مین سەبارەت بە یارمەتیدانی قوربانییەکان لە چالاکییەکانی مین (**IMAS 13.10**).
پابەندبوونی دیکەی هاتوو لە چوارچێوە نێودەوڵەتییەکانی دیکەدا، بەرپرسیارێتی دەخاتە سەر حکومەتەکان و دەزگا فرەلایەنەکان و بەخشەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ قوربانییەکان و خزمەتگوزارییەکانی چاکسازی و تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر.[37]

- **2/ پێشخستنی رێبازێکی کەسی لە هاوکاریکردنی قوربانییەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی چاکسازی**

یارمەتیدانی قوربانی و چاکسازی دەبێت سەرنجی لەسەر دابینکردنی پێداویستییە جیاوازەکان و بەهاکان یان ئارەزووەکانی کەسەکە بێت بە ئامانجی پێشکەشکردنی پشتگیرییەکی گشتگیر کە هەموو لایەنە جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە، هەروەها پێویستە هاندەربێت بۆ بەشداریکردن و بەهێزکردن و پشتگیری هاوتا بە هاوتا (گروپی) بۆ خەڵک و خێزانەکانیان و چاودێران و کۆمەڵگاکانیان.
رەگەز و تەمەن و کەمئەندامی و هەروەها یەکتربڕین لەگەڵ هۆکارەکانی تری هەمەچەشنی (وەک دۆخی کۆمەڵایەتی-ئابووری و کۆچبەری، شوێنی جوگرافی و رەچەڵەکی نەتەوەیی) پێویستە لە کاتی پلاندانان و پێشکەشکردن و چاودێریکردنی خزمەتگوزارییەکانی یارمەتیدانی قوربانی و چاکسازیدا لەبەرچاو بگیرێن.
بۆ ئەم مەبەستە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان پێویستە بەهێزتر بکرێت کە کەمترین ئاستی جیاکاری بەپێی رەگەز و تەمەن و کەمئەندامی لە خۆبگرێت.

- **3/ بەهێزکردنی خزمەتگوزارییەکانی چاکسازی و تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر لەناو سیستەمی تەندروستیدا**

خزمەتگوزارییەکانی چاکسازی و دابینکردنی تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر دەبێت لە هەموو ئاستەکانی سیستەمی تەندروستیدا جێگیر بکرێن (لە کۆمەڵگەوە تا چاودێری تەندروستی سەرەتایی و تا نەخۆشخانە و ناوەندەکانی چاودێری تایبەتمەند) لەگەڵ بەهێز کردنی هێزی کاری چاکسازی فرە پسپۆڕی و سیستەمی رەوانەکردنی کاریگەر، بە شێوەیەکی تایبەت فراوانکردنی چاکسازی لە چاودێری تەندروستی سەرەتایی و لەسەر ئاستی کۆمەڵگا گەورەترین توانای هەیە بۆ زیادکردنی دەستڕاگەیشتن بە چاوەدێری پێویست لە کاتی خۆیدا و کەمکردنەوەی تێچووەکان.

- **4/ دڵنیابوون لە گەیشتنی هاوکاری مرۆیی لە بارودۆخی شەڕی چەکداری وە چەسپاندنی هاوکاری قوربانییەکان و چاکسازی لە هاوکاری مرۆییدا**

دەستڕاگەیشتنێکی خێرا و سەلامەت و تەواو و بێ بەربەست زۆر گرنگە بۆ دڵنیابوون لەوەی هەموو ئەو هاووڵاتییە مەدەنیانەی کە بەهۆی ململانێکانەوە زیانیان بەرکەوتووە لەنێویشیاندا ئەوانەی کە زۆرترین زیانیان بەردەکەوێت دەستیان بە یارمەتییە مرۆییەکان بگات.

[36] ئەو ئامرازە نێودەوڵەتیانەی کە دەوڵەتان پابەند دەکەن بریتین لە رێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و رێککەوتننامەی قەدەغەکردنی مینی دژە تاکەکان و پرۆتۆکۆڵی پێنجەمی پاشماوەی تەقینەوەکانی جەنگ هاوپێچ بە رێککەوتننامەی چەکی ئاسایی و رێککەوتننامەی تەقەمەنی هەڵدراو.
[37] چوارچێوە نێودەوڵەتییەکان کە پابەندبوونی زیاتریان داناوە بریتین لە بڕیارنامەی 71.8ی ئەنجومەنی تەندروستی جیهانی "باشترکردنی دەستڕاگەیشتن بە تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر"، بڕیارنامەی 76.6ی ئەنجومەنی تەندروستی جیهانی "بەهێزکردنی چاکسازی لە سیستەمی تەندروستیدا" و بەڵێننامەکانی ئۆسلۆ سەبارەت بە توندوتیژی چەکداری و جاڕنامەی سیاسی 2022 سەبارەت بە پاراستنی هاوڵاتیانی مەدەنی لە دەرئەنجامە مرۆییەکانی بەکارهێنانی چەك و تەقەمەنی لە ناوچە جێنشینەکاندا.

یارمەتی گشتگیری قوربانییەکان و چاکسازی و دابینکردنی تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر دەبێت بە شێوەیەکی سیستماتیکی لە هاوکاری فریاگوزاریدا جێگیر بکرێت کە پشتگیری بەردەوام بە درێژایی پەیوەندی وەڵامدانەوە و چاکبوونەوە و ئامادەکاریدا مسۆگەر بکات.

کارمەندانی کەرتی مرۆیی و تەندروستی دەبێ ئامێری پێویستیان بۆ دابین بکرێت بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی چاکسازی پێشوەختە لە حاڵەتە فریاگوزارییەکان (بە پەلەکان) هاوتەریب بە پرۆتۆکۆڵەکانی ئێستا و پێداویستیەکانی ئەو کەسانەی کە پێشتر تووشی کەمئەندامی بوون یان بارودۆخی تەندروستی درێژخایەنیان هەیە، ئەمەش زۆر گرنگە بۆ ئەوەی کەس لە دواوە نەهێلدرێتەوە و بۆ کەم کردنەوەی کاریگەریەکانی چەک و تەقەمەنی لەسەر ژیانی ملیۆنان کەس.

- **5/ فراوانکردنی میکانیزمی چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی بۆ لە خۆگرتنی تێچووی چاکسازی و تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر**

بە سەرنجدان بەوەی کە خزمەتگوزارییەکانی چاکسازی و تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر زۆرجار خەرجییەکی زۆرن، پێویستە لە میکانیزمەکانی پاراستنی مەترسی داراییدا جێگیر بکرێن (واتە پلانەکانی بیمە و تەرخان کردنی پارەی پاکێجی تەندروستی و سندوقە تایبەتەکان) بە ئامانجی بەدەستهێنانی بیمەی تەندروستی گشتگیر، بەو پێیەی زۆرێک لە وڵاتان لە چوارچێوەی مەودای دارایی سنووردارا کاردەکەن و خزمەتگوزارییەکانی چاکسازی و تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر دەبێ لە پاکێجێکی[38] بنەڕەتییەوە دەست پێبکات و بە تێپەڕبوونی کات گەشە بکات لەگەڵ بەردەستبوونی سەرچاوەکان. تێچووی گەشت و نیشتەجێبوون دەبێ تا ڕادەیەکی زیاتر پارەیان بۆ تەرخان بکرێت لە چوارچێوەی میکانیزمەکانی دارایی تەندروستیدا، هەروەها دەتوانرێت کەم بکرێتەوە بە دابینکردنی چارەسەری جێگرەوە (بۆ نموونە؛ لە ڕێگەی نۆرینگەی گەڕۆکەوە یان چاودێری لە ماڵەوە یانیش چاکسازی لە دوورەوە).

- **6/ زیادکردنی توانای دەست گەیشتن و گونجاندنی نرخی تەکنەلۆژیای یارمەتیدەری کوالێتی بەرز**

وەبەرهێنان لە توێژینەوە و تاقیکردنەوەی چارەسەرە داهێنەرەکاندا کە توانای پێشکەشکردنی تەکنەلۆژیای یارمەتیدەری کوالیتی بەرزتریان هەیە تاوەکو کەسانی پێویست دەستیان پێ بگات.

تێچووی تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر دەشێت زۆر بێت کاتێک بەرهەمەکان هاوردە دەکرێن، بۆیە زۆر گرنگە کە سیاسەتی نرخێکی دادپەروەرانە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە و وەبەرهێنان لە بەرهەمهێنانی ناوخۆییدا بکرێت و لە هەمان کاتدا چارەسەرەکان بۆ کەمکردنەوە یان نەهێشتنی باج و ڕسومات لەسەر تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر کە هێشتا پێویستی بە هاوردەکردن هەیە جێبەجێ بکرێت.

- **7/ دڵنیابوون لە بەشداریی قوربانیان و ڕزگاربووان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و بەکارهێنەرانی چاکسازی**

دەوڵەتان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی چالاکیی مین و لایەنەکانی مرۆیی و تەندروستی دەبێت چالاکانە ڕاوێژ بەو کەس و کۆمەڵگایانە بکەن کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ زیانیان بەرکەوتووە بەهۆی بەکارهێنانی چەک و تەقەمەنی لەگەڵ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و چاودێران و ئەندامانی خێزان و بەکارهێنەرانی چاکسازی لە ناوچە زیانلێکەوتووەکانی ململانێدا. ئەوان مافی ئەوەیان هەیە بە شێوەیەکی کاریگەرانە لە هەموو ئەو پرۆسانەی بڕیاردانێدا بەشداری بکەن کە پەیوەندیان پێوە هەیە، لەوانەش پلاندانان و جێبەجێکردن و چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی پرۆژە و بەرنامە و سیاسەتەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نیشتمانی و نێودەوڵەتی.

- **8/ دڵنیابوون لە ئاستێکی گونجاو لە پاڵپشتی دارایی و تەکنیکی بۆ هاوکاریکردنی قوربانییەکان**

بەخشەرە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە فرەلایەنەکان دەبێ ئاستی بودجە و پشتگیری تەکنیکی زیاد بکەن بۆ یارمەتیدانی قوربانیانی ئەو ووڵاتانەی کاریگەری چەك و تەقەمەنیان لەسەرە بۆ دەستڕاگەیشتن بە چاکسازی و تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر.

[38] پاکێجی دەستێوەردانەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ چاکسازی سەرچاوەیەکە بۆ وڵاتان لە کاتی پلاندانان و دانانی بودجە بۆ یەکخستنی خزمەتگوزارییەکانی چاکسازی لە سیستەمی تەندروستی خۆیاندا.(https://www.who.int/publications/i/item/9789240067097)

پێویستە بودجەی یارمەتیدانی قوربانییەکان وەک بەشێک لە بودجەی جیهانی پەیوەست بە ڕێکارەکانی مین تەرخان بکرێت، بەڵام لە ڕێگەی بودجەی فراوانتری دابینکردنی بودجەی مرۆیی و گەشەپێدان و مافەکانی مرۆڤەوە.

- **9/ پێشکەشکردنی چالاکییەکانی هۆشیاری و خۆپاراستن لە مەترسیەکان**
چالاکییەکانی هۆشیاری و خۆپاراستن لە مەترسیەکان بە تایبەت بە ئامانجگرتنی ئەو کەسانەی زۆرترین مەترسییان لەسەرە ببنە قوربانی مین و تەقەمەنی یان ڕووداوی هاتوچۆدا زۆر گرنگن بۆ وەرگرتنی ڕەفتاری سەلامەتتر و بەم شێوەیە ڕێگریکردن لەو ڕووداوانەی لێکەوتەی درێژخایەنیان لەسەر ژیانی خەڵک دەبێت. چالاکییەکانی هۆشیاری و خۆپاراستن لە مەترسیەکان دەبێت گشتگیر و بەردەست بن بۆ ئەو کەسانەی لە جۆری جیاوازی کەمئەندامی دەناڵێن و لەگەڵ زەمینە ناوخۆییە جیاوازەکاندا بگونجێن، لەوانەش لە ناوچە دوور و گوندنشینەکاندا.

- **10/ پاڵپشتی کردنی توێژینەوەکانی چاکسازی و تەکنەلۆجیای یارمەتیدەر**
پێویستە ئەو دەستپێشخەرییانەی پاڵپشتی توێژینەوە لەسەر چاکسازی و تەکنەلۆژیای یارمەتیدەر دەکەن و هانی داهێنان و هاوبەشی دەکات پشتگیری بکرێن لە نێویشیاندا لەگەڵ کۆمەڵە پیشەییەکان و ناوەندە ئەکادێمیەکان بۆ پتەوکردنی چاکسازیەکی کواڵێتی بەرز و بنیاتنراو لەسەر بنەمای بەڵگەی سەلمێنراو. هەروەها وەبەرهێنان پێویستە توێژینەوەکانی سیاسەت و سیستەمەکانی تەندروستی بگرێتەوە بە جەخت کردن لەسەر پڕکردنەوەی بۆشایی بەڵگەکان بە بەکارهێنانی شیکاری تێچوون و قازانج.

بڵاوکراوەتەوە لە لایەن ڕێکخراوی **Handicap International – Humanity & Inclusion**

**Website: http://www.hi.org**

Norwegian Ministry of Foreign Affairs

جێبەجێکردنی ئەم توێژینەوەیە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی نەرویجەوە پاڵپشتی دارایی بۆ کراوە. ئەو ڕاو و بۆچوونانەی لەم بەڵگەنامەیەدا هاتوون نابێت وەک ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی حکومەتی نەرویج سەیر بکرێن.

بۆ یەکەمجار لە مانگی ئایاری ٢٠٢٤ بڵاوکرایەوە، .© Handicap International

ڕێکخراوی Handicap International لە فەرەنسا تۆمارکراوە لە ژێر ئەم ژمارە سەرچاوانەی خوارەوە: N° SIRET: 519 655 997 00038 - کۆدی APE: 9499Z.

ئەم بڵاوکراوەیە مافی چاپکردنی پارێزراوە، بەڵام دەتوانرێت بە هەر شێوازێک بەبێ پارە یان مۆڵەتی پێشوەختە بۆ مەبەستی فێرکردن دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە بەڵام نەك بۆ قازانج. بۆ لەبەرگرتنەوەی  لە ژێر هەر بارودۆخێکی تردا پێویستە مۆڵەتی نووسراوی پێشوەختە لە بڵاوکەرەوە وەربگیرێت و دەشێت تێچوویەکی لەسەر هەبێت.